زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# مێژووی ڕۆمانی کوردی

## (لە باشووری کوردستاندا)

## خوێندنی باڵا/ ماستەر

## وەرزی دووەم

## ٢٠٢٤

# پوختەیەك دەربارەی ڕۆمانــی كـوردی:-

ڕۆمـانی کـوردی هەرچـەندە تەمـەنێکی زۆری نییـە، بـە بـەراورد لەگـەڵ ڕۆمانی میللەتانی تری جیهان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بەکورتی و، بە چەند ڕەخنەیەکی بێ بنەما و نائەکادیمی، بەکەمی لە نرخ و بایەخی بڕوانرێت و، لە پلەو پایەی ئەم ژانرە کەم بکرێتەوە، واتە ڕۆمانی کوردی شوێنی خۆی گرتووە، چونکە ئەگەر ڕۆمانی کوردی لاسایی چەند تەکنێکی جیهانی بە ڕوخسارییەوە دیاربێت، ئەوا مەحاڵە بتوانین لە ڕووی شوێن و ڕووداو و کەسێتی و بیرۆکە و ئاوەزی مرۆڤی کوردەوە بە لاسایی ڕۆمانی میللەتانی تری جیهانی بزانین. واتە ڕۆمانی کوردی ڕەنگدانەوەی واقیعی میللەتەکەیەتی و، خاوەن ناسنامەو خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیەتی، هەروەها بەهۆی ئەو تەمەنەی کە هەیەتی و خۆی لە نزیکەی نیو سەدەیەك دەدات، توانیویەتی گەشەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت. تاڕادەیەك توانیویەتی لەگەڵ شەپۆلی نوێخوازی ڕۆمانی میللەتانی تر هەنگاو بنێت.

لەهەمان کاتدا ستەمە بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردی، بە هەموو بوارەکانی ژیانەوە، لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی شارستانی و هاوچەرخ بەراوردبکەین، بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانمان، خۆمان بەئەوانەوە بەند بکەین. (ناکرێت وای بۆ بچین لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی پەراوێزیی وەکو کۆمەڵگای کوردیدا هەمان جۆر ڕۆمان یان ڕۆمان بەهەمان ئاستی کۆمەڵگایەکی شارستانی بەرهەم بێت).[1] دەکرێت بڵێین کۆمەڵگەی کوردی لەچاو چەند کۆمەڵگەیەکی تری شارستانی جیاوازبێت، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کەئێمە دووەر پەرێز وەستا بین و دواکەوتووبین سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆمانی کوردی دەبێت بە قەد بەرەی خۆمان پێمانی لێڕابکێشین . کارێکی ڕەواو ئاسایی نییە شاکاری کەڵە ڕۆماننووسانی کۆمەڵگە شارستانیەکان بەڕۆمانێکی کوردی بسەپێنین و لەقاڵبیدەین، دەکرێت هاوشێوەی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی تر هەبێت کە لە ڕووی پێشکەوتن و شارستانی و تەکنەلۆژیاوە لە دواوەن ، بەڵام ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە لەوانەیە خاوەن کیان و دەسەڵاتێکی سەربەخۆبن، کە ئەمەش دەوڵەتی لێدەکەوێتەوە و کار دەکاتە سەر زۆربەی بوارەکانی ژیان ، لە کاتێکدا بوونی دەوڵەتێك بەناوی میللەتی کوردەوە تا

---

(١) گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع ، عەتا قەرەداغی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل ١٨٥ .

**ئێستاش بەتەواوی بوونی نییە، کە ئەمەش بە ڕاستەوخۆیی و ناڕاستەوخۆیی کاریگەری بەسەر باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە .**

**دەشێت هەر ژانرێکی ئەدەبی گوزارشت لە نەتەوە و خاك و زمان و کەلتووری ... هتد بکات ( لە بەر ئەوە چیرۆك و ڕۆمانی کوردیش هەر بەرهەمی یەك ئەدەب و نوێنەری ئەندێشە و ژیان و ئاواز و ئاواتی یەك نەتەوەیە ) .[1]**

**ئەگەر ژانرەکانی ئەدەب وەك چیرۆك و ڕۆمان ... هتد، هی میللەتانی بێگانە بن و نووسەران و ئەدیبانی کورد سوودیان لە لایەنی هونەر ی و ڕووخساری وەرگرتبێت ، ئەوا شوێن و ڕووداو و پاڵەوان و بیرکردنەوە بیرۆکە و کەش و هەواکەی ... هتد هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەی کوردەوارین . واتە دەشێت دەقێکی ئەدەبی بۆیەکەمجار گوزارشت لە خۆمالییە تایبەتیەکان بکات ئەو کات هەنگاو بەرەو لایەنە بێگانە هاوبەش و گشتیەکان بهاوێژێت. بێگومان ئەدەبێکیش گرنگی و بایەخ بە چوار چێوە و لایەنە خۆمالیەکان نەدات ئەوا بەرهەمەکانی نابنە ناسنامە و نوێنەری میللەتەکەی و ، خەڵکان و میللەتانی تر ڕیزی ناگرن و حورمەتی نامێنێت ، چونکە لە ناو چوارچێوە گشتیەکانی ئەدەبی بێگانە تواوەتەوە.**

**ژانرەکان بە گشتی لە ناو ئەدەبیاتی میللەتانەوە لەسەردەم و ڕۆژگارێکی جیاجیا پەیدا بوونە و سەرەتا و سەرهەڵدان و گەشەکردنیشی لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دی جیایە ، سەبارەت بە ئەدەبی کوردیش، ژانری ڕۆمان دوای ڕۆژگارێکی دوور و بەراوورد بەمیللەتانی تر سەریهەڵداوە ( لەبەر ئەوە هەوڵەکان بۆ نووسینی ڕۆمانی کوردی پیرۆزن شایانی لەسەروەستان و ڕۆشنکردنەوەن).[2] هەر هەوڵێك بۆ نووسینی ڕۆمانی کوردی لە ئارادا بێت و ببێتە زەمینەی واقیع ئەوا شایانی ئەوەیە کە بەچاوێکی بەرزەوە ڕیزی بگیرێت و بەپۆزەتیڤانە بنرخێندرێت ، هەر چەندە لێرە و لەوێ هیچ دەقێك سەد دەر سەد تەواو نییە هەموو نیشانەکان بە جارێك ناتوانرێت بپێکێت ، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەدەبی جیهانی گرتۆتەوە و باڵی کێشاوە بەسەر زۆربەی ژانرەکانی تردا، ئەدەبی کوردیش بەر ئەم شەپۆڵەییش کەوتووە و ئەسپی خۆی لێ تاوداوە. بۆیە (ڕۆمان لە ناو ئەدەبی کوردیدا ئەهمیەتی تایبەتی خۆی هەیە بە تایبەتی ئەو ڕۆمانانەی کە گرنگی و ئەهمیەتی تایبەتی هەیە لای خوێنەری کورد).[3]**

---

(١) ئەدەبیاتی نوێی کوردی (شیعری نوێی کوردی و چیرۆکی نوێی کوردی ) ، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول ، ئەڤ گوتارە ساڵا١٩٩٣ یێ د وەرزێ کوردولوکییێدا ل زانکۆیا ئازاددا بەرلین یێ هاتیە پێشکێشکردن.

(٢) ڕەخنەگرتن لە بەختیار عەلی ، تەها ئەحمەد ڕەسول و حەمەی ئەحمەد ڕەسول ، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ، ل ١١ .

(٣) ڕۆمانێك لە گفتوگۆ ، ئەنوەر حسێن ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی، ٢٠٠٦ ، ل ١١ .

خوێنەری کوردیش گرنگی و بایەخ بەو ڕۆمانە دەدات ، کە دەربڕی واقیع و خەیاڵیەتی و گوزارشت لە ژیانی پڕ ئێش و ئازار و مەینەتی نەتەوەکەی دەکات و بەسەرچاوەیەکی متمانە و وزەبەخشی دەزانێت.

میللەتی کوردیش وەك میللەتانی تر ڕۆماننووس و ڕۆمانی تایبەت بە خۆی هەیە ، کە ڕەنگدانەوەی ژیانی پڕ لە مەینەت و ناخۆشی و ئالۆزی میللەتەکەی تێدا بەرجەستەکراوەو مایەی خۆشحاڵییە ( ئێمەی کوردیش لە ڕۆمان بێ بەش نین و هەر چەندە ڕۆمان بەگوێرەی ئێمەوە کارێکی ئەدەبی تازەیە ویڕای هێرشی ڕۆشنبیری تێکدەر و دژ بە بناغەی ڕۆشنبیریمان ڕۆماننووسی چاکمان هەیە لەم ساڵانەی رابردوو توانیویانە دەنگی ڕۆمان بە ئەدەبی کوردی بناسێنن ).[1] خۆشبەختانە ئەدەبیاتی کوردی لەم ساڵێنەی رابردوودا بەرەو پێگەیشتن و کامڵبوون هەنگاوی ناوە، ئەویش بەهۆی نووسینی چەندین دەقی ڕۆمانەوە لە سەر دەستی چەند ڕۆماننووسێکی بە ئەزموون و شارەزا، هەر چەندە ئەم دەقانە لە چاو شیعر و داستان و پەخشانە کۆنەکان... هتد زۆرنین ، بەلاّم هیوا بەخشن بۆ ئایندەی ڕۆمانی کوردی، واتە ئەگەر ڕۆمانی کوردی لە ڕابردوو و ئێستادا وەك نەمامێك سەیر بکەین ، ئەوا هیوا هەیە کە لە ئایندە دا ئەو نەمامەی ڕۆمانی کوردی ببێتە دار و درەختێکی چڵ و پۆپەدار ، ئەو کاتەش ئەدەبیاتەکەمان لە خالێکی چەسپاو ناوەستێت ، بەڵکو بەرەو بەجیهانیبوونی ئەدەبیاتی کوردی هەنگاوی گرنگ دەنێت .

زۆرجاران لێرە و لەوێ هەندێ لە ڕەخنەگران یان خوێنەران گوایە لە ناو ئەدەبیات و ڕۆمانی جیهانی کولاّون ، ڕۆمانی کوردی دەشکێننەوە دەیهێننەوە خاڵی سفرو نەبوونەوە، پێوەریشیان بۆ ئەمە کەمی لاپەڕەو بچووکیی ڕۆمانی کوردییە لە چاو زۆریی لاپەڕەو گەورەیی قەبارەی ڕۆمانی جیهان، لە کاتێکدا ئەوانە نازانن ( لەگەڵ چەرخی خێراییشدا ڕۆمانیش پێش دەکەوێ وەك ئەوەی جاران ڕۆمان بە چەند بەرگێك و لە قەوارەی زۆردا دەنووسرایەوە ئێستا ئەم قەوارەیە وەك جاران نییە و ئەو مەرجەی بەڕۆمانبوونی نەماوە).[2] ئەگەر لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا باوی ڕۆمانێك بووە کە ژمارەی لاپەڕەکانی لە هەزار لاپەڕە ڕەتکەن و ژمارەی بەرگەکانی سێ و چوار و پێنج ... هتد بن، ئەوا بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەم ڕۆمانانە بەو قەبەییانەوە لە لای ڕۆماننووسەکانی جیهان باوی نەماوە و، خوێنەریش ئەو جۆرە ڕۆمانانە نەدەخوێنێتەوەو نە پەسەندی دەکات، واتە لە سەردەمێکی جەنجاڵی وەك ئەمڕۆ زەحمەتە ئەو جۆرە ڕۆمانانە ڕەواج و خوێنەریان هەبێت، لە کاتێکدا بەهۆی تەکنەلۆژیا و تۆڕەکانی

---

(١) دەربارەی ڕۆمان ، مەهدی سالّح ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٦ ، ل ٣٢ .

(٢) ڕۆمانی کوردی ، بەشی یەکەم ، سابیر رەشید ، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٧ ، ل٥ .

پەیوەندی جیهانی قەیرانی کات سەریهەڵداوە،هەر تەنیا کاری نەکردۆتە سەر نووسەر و ڕەخنەگر و خوینەران، بەڵکو کاری کردۆتە سەر زۆرترین تاکەکانی کۆمەڵ، بۆیە دەبێت واز لە پێوانەی ژمارەی لاپەڕە و بەرگی ڕۆمانەکانی جیهان بێنین و ، لە ئێستا و داهاتوودا ڕۆمانی کوردی پێبەراوورد نەکەین . بەڵکو دەبێت کار لە سەر چۆنایەتی ڕۆمان و ڕەنگدانەوەی بابەتی و ناوەڕۆکی خۆماڵی بکەین .

## قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردی:-

هەر ژانرێك لە ژانرەکانی ئەدەب لە لایەن ڕەخنەگر و پسپۆڕ و نووسەرانی بواری ئەدەبەوە بە چەند شێوەیەکی جیاواز پۆلێن و دابەشدەکرێت، ژانری وا هەیە پۆلینەکەی سەدەیەك یان نیو سەدە، یان چواریەکە سەدەیەك درێژ دەبێتەوە، ژانری واش هەیە پۆڵینەکەی بەپێی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ... هتد . لە نێو سەدەیەك یان نیو سەدەیەك چەندین جار پۆلین دەگرێتە خۆی، سەرەڕای ئەمانەش لەوانەیە هەر ڕەخنەگر و پسپۆڕ و نووسەرێك بەبێ ڕەچاو کردنی سەدە و نیو سەدە و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ... هتد بەپێی بەرهەم و بیروڕاکانی خۆی دەست بە پۆلین و دابەشکردنی ژانرەکە بۆ چەند قۆناغێکی جیاجیا بکات. ئەم جۆرە پۆلین و دابەشکردنەش تەواو دەگونجێت لەگەڵ ڕۆمانی کوردی، چونکە ڕۆمانی کوردی مێژوویيەکی چەند سەدەیی نی یە و دەبێت بەرهەمەکان خۆیان ببنە شایەد حاڵی پۆلین و دابەشکردنەکە، بۆیە لە سەرەتادا بەم شێوەیەی خوارەوە قۆناغە مێژوويیەکانی ڕۆمانی کوردی پۆلین و دابەشکراوە :-

( ١- قۆناغی لە دایکبوون و هەوڵە بەراییەکان ( ١٩٢٧ - ١٩٧٠ ) .

٢- قۆناغی دامەزراندن و گەشەکردن ( ١٩٨٥ - ١٩٩٠ ) .

٣- قۆناغی پێشکەوتن و نوێبوونەوە ( ١٩٩١ - تا ئێستاکە ).)[1]

هەر چەندە ئەم دابەشکردنەی قۆناغی مێژوویی ڕۆمانی کوردی تا ڕادەیەك ئامانجەکەی کوردتیهێناوە، بەلاّم بە بۆچوونی ئێمە ئەم دابەشکردنە قۆناغێکی تێدا لە بیرکراوە و ئاماژەی ڕاستەوخۆی پێنەکراوە، لە نێوان قۆناغی یەکەم و دووەمدا قۆناغێك خۆی دەردەخات ئەویش لە نێوان ساڵانی ( ١٩٧١ بۆ ١٩٨١ ) ە ، لەبەر تیشك و ڕۆشنایی ئەم قسانەی کردمان بۆمان هەیە قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردی بەشێوەیەکی تر و بەناو لێنانێکی تر پۆلین و دابەشبکەین وەك ئەمەی خوارەوە :

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨ .

١- قۆناغی سەرهەڵدان، ئاوێتەبوون و نەناسینەوەو لەیەکهەڵاوێرنەکردنی بەرهەمەکان لە نێوان ساڵانی (١٩٢٥ - ١٩٧٠) .
٢- قۆناغی بێئاگابوون و کپبوون لەنێوان سالانی (١٩٧١ - ١٩٨١) .
٣- قۆناغی شاخ و شار گەشەکردن لەنێوان ساسالانی(١٩٨٢ - ١٩٩٠).
٤. قۆناغی تەواو پێگەیشتن و ناساندنی ڕۆمانی کوردی بە جیهان لە نێوان سالانی (١٩٩١- تا ئێستاکە).

کـاتێك سەر لە نویٚ قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردیمان دارشتەوە هەر لە خۆوە نەبووە ، بەڵکو لە ئەنجامی خوێندنەوەی چەند کتێبێکەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە یەکە بە یەکە قۆناغەکان باسدەکەین و تابکرێت زانستیانە تیشکیان بخەینەسەر .

## ١- قۆناغی سەرهەڵدان، ئاوێتە بوون و نەناسینەوە و لە یەکهەڵاوێر نەکردنی بەرهەمەکان بەشێوەیەکی وردی زانستیانە ١٩٢٥ - ١٩٧٠ .

ئەم قۆناغە دوای یازدە ساڵ لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەستپێدەکات تا بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ، واتە دوای نەمانی حکومەتەکەی شێخ مەحموود و هاتنی سوپای ئینگلیز.

بەرهەمەکانی ئەم قۆناغە تاڕادەیەك ئاوێتەی یەکتر بوون و بونەتە هۆی ئالۆزی و نەناسینەوە و لە یەکهەڵاوێرنەکردنیان، تواندنەوەی بەرهەمەکان لە ناو ژانرەکانی تر بەشێوەیەکی نازانستییانە لە لایەن پسپۆڕ و ڕەخنەگر و نووسەرانی بواری ئەدەبەوە، لە ئەنجامی ئەمەشدا خوێنەر کەم تا زۆر تووشی سەر لێشیواوی و سەرگەردانی بووە ، چونکە هەر یەکێك دێت بەرهەمێکی ئەم ماوەیە دەخاتە بۆتەی ژانرێکەوە ، لەولا تر یەکێکی تر دێت لە ناو ئەو بۆتەی ژانرە دەریدێنێت و دەیخاتە بۆتەی ژانرێکی ترەوە ، ئەم کردار و بگرەو بەردەیە هێشتا بەتەواوی وازی لێنەهێنراوە و ئێستاشی لە گەڵدا بێت گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری لە نێوان پسپۆڕ و ڕەخنەگر و نووسەر و مامۆستا و قوتابیان لێکەوتۆتەوە بەتەواوی یەکالا و ساغیشنەبۆتەوە، بەڵگەش بۆ قسەکانمان وەك بەرهەمەکانی لە ( خەومای جەمیل سائیب ١٩٢٥ ) و ( مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختار بەگی جاف ١٩٢٧ ) هەر پسپۆڕ و ڕەخنەگر و نووسەرێك دەیخاتە سەر ژانرێك و بەپێی ڕوانین و جیهانبینی و تێگەیشتنی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات ، بۆیە هەندێك لایان وایە چیرۆکن یان نۆڤلێتن یان چیرۆکێکی درێژن ، هەندێکی تریش لایان وایە ڕۆمانی ڕاهێنانن یان ڕۆمانی

**تەواون ، بێجگە لەمانە ئەم دوو بەرهەمە تا سەرەتای دەیەی حەفتاکان بەدەستنووسی ماونەتەوەو لەمە بەدواوە چاپکراون ئەمانە لە لایەك .**

**لە لایەکی ترەوە بەرهەمەکەی ( محەمەد عەلی کوردی ) بەناوی ( نازدار یا کچی کورد لە لادێ ١٩٣٦ ) ، بەرهەمێکە بۆیەکەمجار زاراوەی ( ڕۆمان )ی لەسەر بەرگەکەی نووسراوە و، لە گۆڤاری ( ڕووناکی ، ژمارەکانی ٧ ، ٩ ، ١١ ، ١٩٣٦ ) بە ئەڵقە لێیبلاّوکراوەتەوە. ( ((نازدار))ی بێ ناز کەوتوو جگە لەو سێ ئەڵقەیەی کە لە (( ڕووناکی )) دا بلاّوکرایەوە ، هیچ ئاسەوارێکی بەشەکانی تری بەکوردی دیارنییە ) .[1] دەشێت بڵێین ئەم بەرهەمە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ سۆراغ و بەشەکانی تری بەچنگ نەکەوتووە و بۆیە دەتوانین بیخەینە خانەی فەوتان و لە ناو چوونەوە ، هەر چەندە ئەم بەرهەمە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە لێکۆلەری*نامەکە زانستیانە لە نێوان سێ ئەڵقە کوردییەکە و دانە وەرگێڕدراوە عەرەبییەکە بەراووردی پێکردووە ، لایەنی جیاوازی و گۆڕانەکانی دەستنیشانکردووە .**

**ڕۆمانی ( پێشمەرگە )ی[2] د. ڕەحیمی قازیش ، لە ساڵی ١٩٥٨ نووسراوە و ساڵی ١٩٦١ لە بەغدا بلاّوکراوەتەوە ، هەر چەندە ئەم بەرهەمە یەکلاکراوەتەوە کە ڕۆمانەو سەر بە هیچ ژانرێکی تر نییە ، بەلاّم بەدەرنییە لە گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان پسپۆڕ و ڕەخنەگرو نووسەرانی بواری ئەدەب، ئەمەش بە بیانوویی ئەوەی ڕۆمانەکە و ڕۆماننووسەکە پەیوەندییان بەڕۆژهەلاّتی کوردستانەوە هەیە ، بۆیە هەندێك لایان وایە کاریگەری بەسەر ڕۆمانی باشووری کوردستانەوە نییە ، چونکە کەسێتی و ڕووداو و شوێن و کەش و هەواو ژینگە و ... هتد هەڵقولاّوی ڕۆژهەلاّتی کوردستانن و نووسەرەکەشی لە دایکبووی ئەو شوێنەیە ، بەلاّم هەندێکی تر لایان وایە ڕۆمانەکە ئامانجی خۆی پێکاوە و کاریگەری هەبووە بەسەر ڕۆمان و ڕۆماننووسانی باشووری کوردستان لەبەر ئەوەی لەم بەشەی کوردستان چاپ و بلاّوکراوەتەوە.**

**ئەو بەرهەمەی کە لەم ماوەیەشدا دەمێنێتەوەبەرهەمەکەی ( محەمەد ساڵح سەعید )ە، بەناوی (ئاشتی کوردستان)،[3] کە لە ساڵی ١٩٧٠ دا چاپکراوە و، ئەم بەرهەمەش تاڕادەیەك کەم و کوڕی لاوازی تێدایە وەك لە سەر بەرگی بەرهەمەکە نەنووسراوە( ڕۆمان)*[1] و، درێژدادرییەکی زۆری کردووە لە دوای تەواو بوونی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەتایبەت لە**

---

(١) ڕۆمانی کوردی لە عێڕاقدا ، نامەیە کە *ئیبراهیم قادر حمد ، پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە و بەشێکە لە پێویستی یەکانی پلەی ماجستێر لە ڕەخنەی کوردیدا ، هەولێر ، ١٩٩٠ ، ل٣٣ .

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٤٢ .

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، *١ل٤٤،*٢ ل ٤٦ ، *٣ل ٥٠ .

چاپتەرەکانی (١٧ ، ١٨)*[٢]وە هەروەها لە چەند ڕووداو و هەڵوێستێکدا نووسەرەکەی کەوتۆتە باری ( داچوون — غفلة)*[٣]. واتە چەند بەرهەمێك لەم قۆناغەدا بوونیان هەیە ، بەڵام بەرهەمەکان بەهۆی دابەش نەکردنیان بەشێوەیەکی زانستیانە تاڕادەیەك بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە .

## ٢- قۆناغی بێئاگابوون و کپبوون ١٩٧١ – ١٩٨١ :

ئەم قۆناغە بە هۆی کەمی بەرهەمەکان ، یان ڕاستتر بڵێین بوونی چەند بەرهەمێکی کەم ، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و چاپنەکردن و بلاْو نەکردنەوەیان و مانەوەیان بەدەستنووسی تادەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو ، دەتوانین بە قۆناغی بێئاگابوون و کپبوونی ڕۆمانی کوردی ناوبنێین.

هەر چەندە ئەم قۆناغە دەبوایە ببێتە قۆناغی ڕەگداکوتان و گەشەکردنی ڕۆمانی کوردی لە باتی دەیەی هەشتاکان ، چونکە پێش ئەم قۆناغە بناغە و زەمینەیەکی تاڕادەیەك لە بار بۆ ڕۆمانی کوردی رەخسابوو و ڕەخنە و گفتوگۆی چیرۆك و چیرۆکی درێژ و ڕۆمانی کوردی سەریهەڵدا ، بەڵام قۆناغی دووەم ١٩٧١ – ١٩٨١ نەك هەر نەیتوانی ئەم زەمینە لە بارە و هەڵەکانی قۆناغی یەکەم ١٩٢٥ – ١٩٧٠ بقۆزێتەوە ، بەڵکو بووە کۆسپ و لەمپەڕێك بۆ درەنگتر گەشەکردنی ڕۆمانی کوردی ، واتە بووە هۆی دواخستنی قۆناغێکی مێژوویی گرنگی ڕۆمانی کوردی .

بەبۆچوونی ئێمە بێئاگابوون و کپبوونی ڕۆمانی کوردی لەقۆناغی ١٩٧١ – ١٩٨١ دەگەرێتەوە بۆ چەند خالێك لەوانە :

١- بارودۆخی سیاسی میللەتی کورد تەواو نالەبار بوو، تەنیا چوار ساڵی یەکەم نەبێت. واتە ١٩٧١ تا ١٩٧٤

A.بەهۆی پەشیمانبوونەوەی رژێمی حکومەتی بەعسی عێراق لە بەیاننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ مێژوویی کە تاڕادەیەکی باش ماف گەلی کورد تێدا دەستەبەر کرابوو لە ڕووی سیاسی و کۆمەلاْیەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و فەرهەنگ و کەلتور و زمان و چاپ و بلاْوکردنەوە و خوێندن بە زمانی کوردی ، بۆیە پەشیمانبوونەوە لەو بەیاننامەیە تاڕادەیەك خەونە کانی ئاوەژوو کرد.

B. کودەتایەکی نێودەولەتی و هەرێمی و بەبەشداری خودی حکومەتی بەعسی ئەو کاتەی عێراقی ، بۆ لەبار بردنی شۆڕشی گەلی کورد.

٢- باوبوون و بالاْدەست بوونی شیعر تا ئەو سەردەمە، کە نووسەر و ئەدیبانی کوردی زیاتر خوو و ئارەزوویان شیعر نووسینبوو .

**٣- له تەك باوبوون و بالاَ دەستبوونی شیعر، ژانری چیرۆکی هونەری لە دوای ( ١٩٧٠ ) تەواو پێگەیی و خۆی تووندکردوو بەرەو گەشەکردنی هونەری چیرۆکی کوردی هەنگاوینا ، شاعیر و نووسەرانی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لەم ژانرە هونەرییەکرد ، وەك (حوسێن عارف ، کاکەمەم بۆتانی ، عەبدوڵڵا سەراج ، عەبدوڵڵا ئاگرین ، حەسەن جاف ، ڕەئوف بێگەرد ، محەمەد موکری ، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، حەمە فەریق حەسەن ، محەمەد ڕەشید فەتاح ، شێرزاد حەسەن ، حەمە کەریم عارف ، جەلیل کاکەوەیس ، جەبار جەمال ، ڕەئوف حەسەن ، سەلاَح عومەر، سەلام مەنمی... هتد).[1]**

**ئەمانە و چەندانی تر لە نووسەر و شاعیرو چیرۆکنووسانی کورد ، لە دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی بە توانایان لێدەرچوو، کە تا ئێستاش قەڵەمەکەیان چکینەکردووە و لە نووسین و نەوەستاوە .**

**٤- نەبوونی گۆڤارێك یان بلاَوکراوەیەك تایبەت بە ئەدەب ، لە شێوە و قەبارە و ژمارەی لاپەڕەدا، کە قورسایی ژانری ڕۆمان بگرێتەخۆ ، ئاشکرایە بلاَوکردنەوەی ژانرێکی وەك چیرۆکی درێژ، نۆڤلێت، ڕۆمان پێویستی بە گۆڤارێکە کە لە شێوە و قەبارە و ژمارەی لاپەڕەدا قەبەبێت ، وەك گۆڤارەکانی ئەم سەردەمەی ئێستاماندا کە لە ( ڕامان ، سەردەم ، گەلاوێژی نوێ ، نەوشەفەق ، گزنگ ... هتد ) خۆ یان دەنوێنین ، دەبینین چەند ڕۆمان و نۆڤلێت بە شێوەی ئەڵقە ئەڵقە ، یان بەش بەش تێیاندا بلاَوکراوەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا چەندین گۆڤاری تر دەرچوون وەك: کۆڕی زانیاری کورد ، نووسەری کورد، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ ، ڕۆژی کوردستان ، برایی ... هتد ڕۆژنامەی هاوکاری ، ئەم گۆڤار و بلاَوکراوانەی ناومان هێنان ڕاستە بابەتی ئەدەبیان تێدا بوو وەك وتاری ئەدەبی ، چاوپێکەوتنی ئەدیب و نووسەران ، بلاَوکردنەوەی شیعر و چیرۆك و چەندین پارچە پەخشان و ، هەروەها والاَکردنی دەرگای ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە بابەت و شیعر و چیرۆك و نووسینی چەند ووتارێکی ڕەخنەیی لە بابەت ڕۆمان و تەکنیکەکانی ، بەلاَم هەر ئامانجەکانیان لە بابەت بلاَوکردنەوەی بەرهەمی ڕۆمان نەپێکا، چونکە ئەم گۆڤار و بلاَوکراوانە هیچ دەقێکی ڕۆمانییان تێدا بلاَونەکراوەتەوە، هەروەها بەتەنیا بابەتی ئەدەبیان تێدا نەبووە ، بەڵکو چەندین بابەتی جیاواز و هەمەڕەنگیان تێدا بلاَوکراوەتەوە وەك : سیاسی ، ئابووری ، کۆمەلاَیەتی ، ڕۆشنبیریی گشتی، تەندروستی ... هتد ، بەلاَم هەرگیز ناکرێت ڕۆلیان بەکەم بنرخێنرێت .**

**٥- نەبوونی هاندان و جوڵە و بزاوتن ، بەمەبەستی وەرگێڕانی بەرهەمە جیهانییەکان لە بواری ژانری ڕۆماندا، هەرچەندە چەند بەرهەمێك بوونیان هەیە، بەلاَم ژمارەیان ئێجگار**

---

(١) چیرۆکی کوردی ، سابیر رەشید ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل ١٦ .

کەمە، لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکییەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون، بەڵام ئەمە ڕێژەیەکی زۆر کەمە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ ئەم قۆناغە نەبووە، ئەوانیش ئەمانەن:-

- ئەفسانەی چیای ئاگری، یەشار کەمال، وەرگێڕانی لە تورکییەوە شکور مستەفا، بەغدا، ۱۹۷٦.
- دایك، مەکسیم گۆرکی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە کەریمی حوسامی، بەغدا، ۱۹۷٦.
- گێلە پیاو، عەزیز نەسین، وەرگێڕانی لە فارسییەوە عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بەغدا، ۱۹۷۸.
- کەمانجە ژەن، وەرگێڕانی پیرەمێرد، بەغدا، چاپخانەی الحوادث، ۱۹۷۹.
- بیرەوەریەکانی دوورخراوەیەك، عەزیز نەسین، وەرگێڕانی لە فارسییەوە عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بەغدا، چاپخانەی أسعد، ۱۹۷۹.
- خەندە لێو، ڤیکتۆر هۆگۆ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ڕەئوف ئەحمەد ئالانی، چاپخانەی بابل، بەغدا، ۱۹۸۰.
- خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، عەبدولرەحمان مونیف، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ساڵح محەمەد ئەمین، چاپخانەی الحوادث، ۱۹۸۱.

بێگومان ئەگەر چالاکی و بزاوتێکی فراوانی وەرگێڕان هەبووایە لەو سەردەمەدا ، دەبووە هۆی گەشەکردنی ڕۆمانی کوردی لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتی، ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی تازە نەبوو بۆ ئەو سەردەم، چونکە لە کاتی دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە ( ۱۹۲۰ ) بەدواوەو بەتایبەت لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ ۱۹۳۹ هاندان و جوڵە و بزاوتی وەرگێڕان هاتە ئاراوە و بووە خاڵێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی چیرۆکی هونەریی کوردی، باشترین و چاکترین نموونەش بۆ ئەمە گۆڤاری گەلاوێژ ۱۹۳۹ – ۱۹٤۹ بوو ، کە لە تەك بڵاوکردنەوەی چیرۆکی خۆماڵی، چیرۆکی بێگانەشی بەشێوەیەکی بەربڵاو بڵاوکردۆتەوە .

دەشێت ئەم خاڵانەی باسمانکردن و چەندان خاڵی تر ، ڕۆلیان هەبێت، لە بێئاگابوون و کپبوونی ڕۆمانی کوردی لە ۱۹۷۱ – ۱۹۸۱ .

لەگەڵ ئەم کۆسپ و لەمپەڕانەدا لە بەردەم ڕۆمانی کوردی لە ۱۹۷۱ – ۱۹۸۱ ، تروسکاییەکی کز بە ڕۆمانی کوردی دیارە ، کە ئەوانیش خۆیان لە دەستنووسەکانی ئەو ماوەیەدا دەنوێنن ( (( بۆ نموونە کاتی خۆی لە ساڵی ۱۹۷۱ )) دا یەکێتی نووسەرانی کورد گرەوێکی ئەدەبی سازدا بۆ شیعر ، چیرۆك ، ڕۆمان ، شانۆ ... لە مگرەوە ( ٦ ) ڕۆمان پێشکەش کراون و ناوی نووسەر و ڕۆمانەکانیشیان ئەمانەی بەرهەمیان ناردووە و ئەنجامی گرەوەکەشی لە ( ١٤ )ی تەمووزی ( ۱۹۷۱ ) ڕاگەیاندراوە و خەڵاتی یەکەم ڕۆمانی ( ئاگری بن کا )ی سەعید ناکام وەری گرتووە و خەڵاتی دووەمیش ڕۆمانی ( ڕێگا ) محەمەد مەولوود

**مەم بووە ) .[(١)] بوونی شەش ڕۆمان لە ساڵی ١٩٧١ هیوایەکی ڕۆشن بوون بۆ ڕۆمانی کوردی ئەگەر لە کات و سەردەمی خۆیان چاپکرابان ، ئەوا بێگومان ڕەوتی ڕۆمانی کوردییان بەرەو ئاڕاستەیەکی باشتر دەگۆڕی و خزمەتی بەرژەوەندیی ڕۆمانی کوردییان دەکردوو ئامار و ژمارەکانی ڕۆمان لەو سەردەمدا زۆرتر دەبوون چونکە لەوانەیە چەندین نووسەر و ئەدیبی کورد بۆ نووسینی ڕۆمان قۆڵیان لێهەڵکردبا، هەروەها بوونی شەش ڕۆمانیش لە ساڵی ( ١٩٧١ )دا ئەوە هەڵدەگرێت، کە ئەم ڕۆمانانە پێش ئەم ساڵە نووسرابن، بەڵام هەر بەدەستنووسی لای نووسەرەکان پارێزراو بوون و ڕۆشنایی چاپیان نەبینیوە، ساڵی ( ١٩٧١ ) لە ئەنجامی ئەو گرەوەدا وەدەرکەوتوون.**

**ڕۆمانەکەی سەعید ناکام ( ئاگری بن کا ) لە ساڵی ( ١٩٩٩ )دا لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپکراوە و، ڕۆمانەکەی تری محەمەد مەولود مەم (ڕێگا) لە سوید ( ١٩٩٢ ) بۆیەکەمجار چاپکراوە و دواتر لە ساڵی ( ٢٠٠١ ) دا لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپکرایەوە. ئەم دوو ڕۆمانە لە لایەن نووسەر و لێکۆڵەرانەوە لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان چەند جار تیشکیان خراوەتەسەر هەموو رایەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە دوو بەرهەمی هونەرین و تا ئێستاش لایەنی هونەری خۆیان لە دەستنەداوە ، چوارڕۆمانەکەی تریش کەلە گرەوەکەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە ساڵی (١٩٧١)دا بەشدار بوون هیچ باس و خواسێکیان نییە، بەشێوەیەکی شاراوە و نادیار ماونەتەوە .**

**تاکە بەرهەمی ئەم قۆناغە، کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و جوان خۆی دەنوێنێت و دەدرەوشێتەوە بەرهەمەکەی ( ئیبراهیم ئەحمەد )ە بەناوی ( ژانی گەل ) کە لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە چاپخانەی کاکەی فەلاح لە سلێمانی چاپکراوە .**

**( نووسینی ئەم داستانە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦ ) .[(٢)] هەر چەندە ئەم بەرهەمە لەلایەن خودی نوسەرەکەیەوە بە (داستان ) ناوی هاتووە ، بەڵام پسپۆڕ و لێکۆڵەر و نووسەرانی بواری ئەدەب بە ڕۆمانێکی سەرکەوتووی دادەنێن چ لە ڕووی ناوەرۆك چ لە ڕووی تەکنیکەوە ، چونکە نووسەری ئەم ڕۆمانە تاقیکردنەوەی باشی لەگەڵا شیعر و پەخشان و چیرۆك هەیە، توانیویەتی لە هەموویاندا ئەسپی خۆی تاوبدات. ماوەتەوە بڵێین چەندین وتار و باس و لێکۆڵینەوە بۆ ئەم ڕۆمانە لە ڕۆژ نامە و گۆڤارەکان بڵاوکراوەتەوە و ،**

---

(١) ڕۆمانی کوردی ، بەشی یەکەم ، سابیر ڕەشید، ل ١٣ .

(٢) ژانی گەل، ئیبراهیم ئەحمەد، بلاّوکردنەوە پێشەکی د. کەمال فوئاد، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٧٢، ل٣.

له زۆربەی تێزە ئەکادیمییەکانی ماستەر و دکتۆرادا خراوەتە بەر دیدی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە.

بۆیە دەتوانین بە یەکەمین ڕۆمانی کوردی دابنێین لە قۆناغی بێئاگابوون و کپبوونی ڕۆمانی کوردی کە ساڵانی نێوان ١٩٧١ بۆ ١٩٨١ دەگرێتەوە .

## ٣- قۆناغی شاخ و شار گەشەکردن ١٩٨٢ – ١٩٩٠ :

ئەم قۆناغە ، قۆناغێکی گرنگی مێژوویی ڕۆمانی کوردییە لە چاو دوو قۆناغەکەی پێشتر ، ڕۆمانی کوردی لەم قۆناغەدا چووە قۆناغی گەشەکردنەوە، چ لە ڕووی چەندێتی چ لە ڕووی چۆنێتی ، هەروەها لە ڕووی پەیدابوونی ڕەخنەیەکی گەرم و گوڕ لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمدا، ئەم ڕەخنانەش لە لایەن ڕەخنەگر و شارەزا و پسپۆڕانی بواری ئەدەب ، بەتایبەتیش خودی ڕۆماننووسەکان بەشدار بوویيەکی کارای ئەو ڕەخنە و نووسیانانە بوون. خاسیەتی جیاکەرەوەی ئەم قۆناغە لە قۆناغەکانی تر بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی ڕۆمانی شاخ بوو لە تەك بەرهەمی ڕۆمانەکانی شار ، واتە ڕۆمانەکانی شاخ و شار ڕۆڵی تەواویان گێرا لە گەشەکردن و چەکەرەکردنی ئەم قۆناغە، یەکەمین نۆبەرەی ڕۆمانی ئەم قۆناغە لە لایەن ڕۆماننووسانی شاخەوە بوو نەك شار ، ئەویش ڕۆمانی

سەگوەڕی ( محەمەد موکری ) بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٢ چاپ کرا ، بە کتێب و نووسین لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی شاخ نووسینی ڕەخنەیی زۆری لە سەر نووسرا).(١) واتە لەم قۆناغەدا ڕەخنەکانی ڕۆمان شێوەیەکی بەرفراوانتریان وەرگرت لە چاو قۆناغەکانی پێشووتردا، ئەویش بەهۆی بەشدار بوونی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی شاخ لە بنیاتنانی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی لەم قۆناغەدا وەك : ( نووسەری کوردستان، گزنگ، بانگ، ئاڵای شۆڕش، .... هتد ) .

بەهۆی بوونی دوو دەسەڵاتی جیا لە خاکی کوردستان یەکێکیان خۆی لە دەسەڵاتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و ڕزگاریخوازی کوردستاندا و ئەویتریان خۆی لە دەسەڵاتی حکومەتی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی ئەوکاتدا دەبینێتەوە و وەك هێزی خێرو شەر وا بوون ، بۆیە بەرهەمەکانی شاخ و شار هەریەکەیان بوونە هەڵگری چەند تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی لاوەکی وەك :

١- ئەدیب و نووسەرانی شاخ بە هۆی بوونی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی کوردی لە ناوچە شاخاوییەکان ئازاد بوون لە دەربرین و گوزارشتکردن لە ئێش و ئازار و مەینەتی و ناخۆشی

---

(١) ڕۆمانی کوردی ، بەشی یەکەم ، سابیر ڕەشید، ل ١٢ .

و تەنگوچەلەمەکانی ژیانی نەحەساوەی میللەتی کورد ، لە چاو ئەدیب و نووسەرانی شار ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەدیب و نووسەرانی شار نەیانتوانیوە گوزارشت لە ئەدەبێك بکەن، کە دەربری ژیانی ڕاستەقینەی میللەتی کوردی تێدا ڕەنگنەدابێتەوە ، بەڵکو ئەمانیش توانیویانە بە بەرهەم و خامەکانیان بەشێوەیەکی تر بەرگری لە خاك و وولات و نیشتمانی کورد بکەن ، بەلام هەرچی جیاوازییەك لە نێوان ئەدیب و نووسەرانی شاخ و شاردایە ئەوا پەیوەندیی بە ئازادیی لە شاخ و سانسۆر و چاو لێسوورکردنەوە لە شارەوە هەیە ئەمەش وایکردووە بەرهەمەکانی شار لایەنی رەمز ئامێز لەخۆ بگرن.

٢- ئەم خاڵە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە، ئەویش لە بوونی ئازادی لە شاخ و سانسۆر لە شاردایە، بێگومان ئەو ئازادی و سانسۆرە کاریگەرییەکی تەواویان بەسەر ڕەنگدانەوەی بابەت و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی شاخ و شارەوە هەبوو ، ئەم ڕەنگدانەوەیەش بە ئاشکرا هەستی پێدەکراو ، بەرهەمەکانی بە ئاسانی پێدەناسرایەوە ، بۆیە بەرهەمەکانی شاخ گرنگییان بەو بابەت و ناوەرۆکانە دەدات ، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەپرسی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و ئابووری ... هتد هەبوو، بە ئاشکرا، ڕاشکاوانە لە بەرهەمەکاندا باسدەکران و دەخرانە ڕوو .

لە کاتێکدا بابەت و ناوەرۆکی بەرهەمەکان هێندە لایان لە خۆشەویستی و دڵداری و فەنتازیا و بابەتە لاوەکییەکانی تر نەدەکردەوە ، واتە بەرهەمەکانی شاخ بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە و بوێرانە دەچوونە سەر ئەو بابەتانەی کە چارەنووسی ئێستا و ئایندەی میللەتی کوردیان دیاریدەکرد .

بەلام بەرهەمەکانی شار بەهۆی ئەو سانسۆرە توندەی کە دەزگا شۆفاری و بەناو ئەمنییەکانی بەعس خستبوویانە سەر بەرهەمەکان، تەنانەت خودی ئەدیب و نووسەرانی نەتەوەخواز و نیشتمانپەروەری ڕاستگۆش لێیانبێبەشنەبوون .

بۆیە کاریکردبووە سەر بابەت و ناوەرۆکی بەرهەمەکان و ئەدیب و نووسەران نەیاندەتوانی بە ڕوویەکی ئاشکرا ئاوڕ لە بابەت و ناوەرۆکی سیاسی و نەتەوەیی میللەتی کورد بدەنەوە ، ناشکرێت ئەدیب و نووسەران خۆیان بەدوور بگرن لە ئێش و ئازاری میللەتەکەیان ببنە پاڵپشتی هێزی شەڕ ، ئەمبارە وایکرد بابەت و ناوەرۆکی بەرهەمەکان بەشێوەیەکی نادیار و شاراوە و دەمامکدار گوزارشت لە نەتەوەی کوردی ستەمدیدە بکەن . باشترین هۆش بۆ ئەم گوزارشتکردنە دەمامکدارییە بە کارهێنان و مەزراندنی رەمز و پەنا بردن بۆ تەم و مژی و، هەڵگرتنی چەند مانایەکی جیاواز بۆ دەقێك و، لێکچوواندنێکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان بارودۆخی سیاسی و نەتەوەیی ... هتد، میللەت و وڵاتانی تر لە تەك میللەت و گەلی کوردستان بوو .

هەروەها ئەو بابەت و ناوەرۆكانەی كە پەیوەندییان بە باری سیاسی و نەتەوەیی و ئابوری ... هتد میللەتی كوردیش نەبوو، وەك خۆشەویستی و دڵداری و خەو و خەیاڵ و فەنتازیا ... هتد بەتایبەتیش بەرهەمەكانی محەمەد موكری.

ئەم بابەت و ناوەرۆكانەش بەدوو شێوە خۆیان نواندووە و بون بە هەڵگری دوو مانا و مەبەست یەكێكی سەرەوە و یەكێكی ژێرەوە، لە خزمەت پرس و كێشە سیاسی و نەتەوەییەكەدا خۆیان بینیوەتەوە، ئەدیب و نووسەران شارەزاییانە و هونەرمەندانە بەم بابەت و ناوەرۆكانە تاڕادەیەكی باش نیشانەكەیان پێكاوە. واتە ئەدیب و نووسەرانی شاخ و شار هەریەكەیان بە جۆرێك خامەكەی كردۆتە چەكێك و بە سنگی دوژمنانییەوە ناوە و بەرگری لە میللەتەكەی پێكردووە .

٣- بەرهەمەكانی شار لە ڕووی چاپ و هونەركاری و نەخشەسازی ، و ... هتد . لە بەرهەمەكانی شاخ جوانتر و ڕێكتر و پێشكەوتوو تر بوون، ئاشكرایە بە هۆی ئەو دەسەڵاتە زەبر و زەنگاوییە سیاسی و سەربازییەی بەعس، گشت دەرامەتە ئابورییەكانی وڵاتی خستبووە گەڕ بەمەبەستی خزمەتگەیاندنی زیاتر بە حیزبی بەعس و بەدیهێنانی مەبەست و مەرامە گڵاوەكانیان، بەڵام ئەم خاڵە تاڕادەیەك خاڵێكی پۆزەتیڤە بۆ ڕۆمانی كوردی لەم ماوەیەدا.

بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە گڵاوانەش ، حكومەتی بەعس لە چەندین شاری وەك: بەغدا، بەسرە، موسڵ، هەولێر، سلێمانی ... هتد. چەندین دەزگای چاپخانەی دامەزراندبوو، دامەزراندنی چاپ و چاپخانەش لە هەندێك شاری عێراق زیاتر بۆ خزمەتگەیاندنی حكومەتی بەعس بوو، ئەویش بە چاپكردن و بڵاوكردنەوەی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوكراوە و نامیلكە و كتێب .... هتد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوودیان بە ئەدەبیاتی كوردی گەیاندووە وەك چاپكردنی چەند چیرۆك و ڕۆمانێك، كە بێگومان بەرهەمێكی زۆر لە فەوتان ڕزگاریبووەو كاریگەری بەسەر بەرهەمی دواتریشەوە هەبووە.

لە زۆربەی زۆری ئەو چاپكراوانەی كە ناومان هێنان بیروباوەڕی چەوتی دیكتاتۆری و شۆڤێنیەتی عەرەبی ڕەنگیدابۆوە و، لەپەنا ئەمەشدا كەمێك خزمەت بە بەرژەوەندیی هاوبەشی میللەت كراوە و چەندین چاپكراوی جیا بۆ خزمەتگەیاندن بە بوارەكانی ژیان چاپكراوە ، یەكێكیش لەم بوارانە ئەدەب بوو وەك چاپكردنی بەرهەمەمی ڕۆماننووسانی عەزیزی مەلای ڕەش و عەبدوڵڵا سەراج و خوسرەو جاف.

بۆیە دەبینین چەندین دەق لە شیعر و چیرۆك و ڕۆمان بەشێوەیەكی جوان و ڕێكوپێك بڵاودەكرانەوە و ، بەهۆی هێنانی مۆدێلی پێشكەوتووی دام و دەزگا و ئامێرەكانی چاپ.

بەرهەمەكانی شار خۆیان بە جوانی و هونەرییانە تر دەنواند لە چاو بەرهەمە چاپكراوەكانی شاخدا لە كاتێكدا لە شاخدا ئەو دەرامەتە ئابوورییە زۆر و بەهێزە لە دەستدا

نەبوو، هەروەها چاپخانە لە شاخدا بوونی نەبوو بەم شێوەیەی کە لە شاردا هەبوو، ئامێرەکانی چاپ خۆیان، لە چاپکەر ( طابعة ) و فۆتۆکۆپی و رۆنیۆ، هەروەها نەبوونی جۆرێکی باش لە کاغەز کە خۆی لە کاغەزی زبر و بۆر دەنواند، بارێکی خراپی بەسەر چاپکراو و چاپەمەنی شاخدا هێنابوو، هەر بۆیەش بەرهەمەکانی شاخ لایەنی هونەری و جوانی و نەخشەسازی تێدا بەدینەدەکرا.

ئەمانەی باسمانکردن چەند تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی لاوەکی بەرهەمەکانی شاخ و شار بوون لە قۆناغی ( ١٩٨١ – ١٩٩٠ ) ڕۆمانی کوردی دا. دەشێت ئەم جیاوازییانە و چەند جیاوازییەکی تر هەبێت ، بەڵام ئێمە لێرەدا ماوەمان هەر هێندەیە و ناتوانین بە دوور و قووڵی بچینە ناو کێشەکان و هەموو کەلێن و قوژبنیان بپشکنین .

قۆناغی شاخ و شار گەشەکردن لە ١٩٨٢ – ١٩٩٠، لە لای زۆربەی ڕەخنەگر و لێکۆڵەران بە قۆناغێکی پۆزەتیڤی ڕۆمانی کوردی وەسفکراوە، هەر چەندە زۆر بەکەمی ئاوڕ لە بەرهەمەکانی شاخ دراوەتەوە و ئاماژەی پێکراوە .

(بۆیە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان لای ئێمە بەدەیەی گەشەکردنی ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا دادەنرێت) .[(١)]

ئەم رایەی ئیبراهیم قادر* پێیوایە نیوەی دووەمی هەشتایەکان دەیەی گەشەکردنی ڕۆمانی کوردییە، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کە لە ماوەی ١٩٨٢ – ١٩٩٠ دا توانیوویەتی لە ( ١١ ) ڕۆمانی ئەم ماوەیە بکۆڵێتەوە و شیانبکاتەوە بێجگە لە ( ٦ ) بەرهەمی تر کە پەیوەندی بە دوو قۆناغی پێشترەوە هەیە .

ئەو ڕۆمانانەی، کە لێکۆڵەر شیکردونەتەوە لە ماوەی ١٩٨٢ – ١٩٩٠ دا تەنها پەیوەندییان بە بەرهەمی ڕۆمانەکانی شارەوە هەیە .

دەکرێت قۆناغی دەیەی هەشتایەکان بە هەڵی زێرینی ڕۆمانی کوردی دابنێین و نووسەران یان ڕۆماننووسان ئەم هەلەیان قۆستەوە و توانیان بەرهەمی سەرکەوتووی پێبنووسن و ڕۆمانی کوردیش ( سەردەمی زێرینی دەستی پێکرد ).[(١)] ئەم رایەی عادل گەرمیانیش زیاتر جەختکردنە لەسەر گرنگی و بایەخی ئەم سەردەمەی ڕۆمانی کوردی و، ناساندن و ناوهێنانییەتی بەسەردەمی زێرینی، ژانرێکیش چووە سەردەمی زێرینەوە دیارە گەشەکردنێکی باشی بەخۆیەوە بینیووە تاڕادەیەکی باش خەملیوە .

---

(١) ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا ، *ئیبراهیم قادرمحمد، ل ٢٠ .

(١) ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا ، نامەیەکە *عادل مەجید محەمەد گەرمیانی پێشکەشی کۆلێجی پەروەردە – ئیبن روشدی زانکۆی بەغدای کردووە، بەشێکە لە پێویستی یەکانی پلەی ماجستێر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٩٦ ، ل ٢٨ .

**بەهۆی ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەی عادل گەرمیانی پاش شەش ساڵ لە لێکۆڵینەوەکەی ئیبراهیم قادر نووسراوە، بۆیە توانیویەتی لە ( ٩ ) بەرهەمی ئەم قۆناغە ١٩٨٢ – ١٩٩٠ دا و ( ٦ ) بەرهەمی پێشتر و دواتری بکۆڵێتەوە، لایەنی ( ریالیزم )ی ڕۆمانەکانی دەرخستووە. بە پاڵپشتیکردن و لایەنگیریکردنی دوو ڕای پێشتر، کە ئاماژەمان پێکردن، نووسەر و ڕەخنەگرێکی تر پێیوایە**

**( لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانەوە بوژانەوەی ڕۆمانی کوردی دەست پیێ دەکات ).[٢] بەپێی ئەم ڕایە ئاشکرایە قۆناغەکانی پێشتر کەم تا زۆر ڕۆمانی تێدا دەبینرێت، بەڵام ڕۆمانەکان سست و لاواز و لە ژمارە ئێجگار کەمن و ، لە دەیەی ناوەڕاستی هەشتایەکان ڕۆمانەکان دەچنە قۆناغی بوژانەوە و گەشانەوە .**

**دەشێت ئەم ڕایانە و چەندین ڕای تر لە بارەی ئەم قۆناغە ١٩٨٢ – ١٩٩٠ دەربڕێن ، بەڵام ئێمە چەند ڕایەکمان کردە بەرچاو ڕوونی بۆ ئەم قۆناغە و زۆربەی ڕایەکان لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە بە قۆناغێکی چاك و باش و لە باری ڕۆمانی کوردی دادەنرێت .**

**بەهۆی هەستیاریی قۆناغی شاخ و شار (( گەشەکردن )) ١٩٨٢ – ١٩٩٠ و پێکهاتنی لە دوو کۆمەڵە بەرهەم، بەرهەمی شاخ و شار، تارمایی سانسۆر و نەبوونی ئازادی بیروبۆچوون و ڕادەربرین بەسەر لێکۆلەری یەکەم و دووەمدا دیارە و لە بیروبۆچوونەکانیان ڕەنگیداوەتەوە، ئەویش بەهۆی باسنەکردن و ئاماژە نەدان و شینەکردنەوەی چاك و خراپی ڕۆمانەکانی شاخ، ئەمبارەش بەستراوەتەوە بە باری سیاسی و قبووڵنەکردنی هیچ رایەکی بەرامبەر و تەنانەت ڕەتکردنەوەی بەشێوەیەکی ڕەها لە لایەن دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی عێراقی ئەوسا، کە هەموو لایەن و بوار و دیاردەکانی ژیان، بەبەرهەمی بیرو ئەدەبیشەوە، دیارێکراو و سنوردار بوون. سەردەمی لێکۆلەری یەکەم دەگەرێتەوە بۆ ساڵێك پێش ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلی کورد. لە سەردەمی لێکۆلەری دووەمیش هەرچەندە ڕاپەڕین هەڵگیرسابوو ، بەڵام بەغدای نەگرتبۆوە، لێکۆڵینەوەکەش پەیوەندی بە (( کۆلێژی پەروەردە– ئیبن روشد– زانکۆی بەغدا )) وە هەیە، هەروەها لێکۆلەر خۆشی ئاماژە بەوە ( دەکات کە سنوری چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەی ئەو بەرهەمانە یان ڕۆمانانە ناگرێتەخۆ کەوا بە نهێنی لە کوردستانی عێراقدا دەرچوونە ).[١]**

(٢) ڕۆمانی کوردی ، بەشی یەکەم ، سابیر رەشید، ل ٨ .

(١) ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا ، عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، ل ٨ .

**بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنج لە هەردوو بیروڕای لێکۆڵەر بدەین ، یەکێکیان قۆناغی نیوەی دووەمی هەشتایەکان بەسەر دەمی (گەشەکردنی ڕۆمانی کوردی) دادەنێت و ئەویتریان ئەو ماوەیەی بە (سەردەمی زێرینی ڕۆمانی کوردی) ناو دەبات ، ئەوە دەبینین کە بە ئاشکرا هەستیان بەبوونی ڕۆمانی کوردی لە شاخدا کردووە ، چونکە ڕۆمانی کوردی بە ژمارەیەکی هێندە کەم کە تەنیا بەرهەمەکانی شار دەگرێتەوە، قۆناغی گەشەکردن و**

**سەردەمی زێرین بەچاوی خۆیەوە نابینێت ، واتە ئەگەری ئەوە هەیە لەم ڕایانەدا ، مەبەستێکی قوڵتر و رەهەندێکی فراوانتریان ئامانج بێت. لە کاتێکدا ئەو ڕۆمانانەی کە ئەوان لێیانکۆڵیتەوە لە قۆناغی ١٩٨٢ – ١٩٩٠ ژمارەیان (٧ تا ٩ ) ڕۆمانە، تەنها ئەوانە دەگرێتە کە لە شاردا دەرچوونە . واتە خراپی و نەگریسی بارودۆخە سیاسیەکەی وولات بۆتە لەمپەڕ و ڕێگر و کۆسپ لە بەردەم بیروبۆچوونی ئەم دوو لێکۆڵەرە، کە یەکەمین و دووەمین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی زانکۆیین، کە ئەنجامدراون لە بارەی ژانری ڕۆمان و ڕەخنەی ڕۆمان گورزەتیشکیان ئاڕاستەکردووە .**

**ئەوەی پەیوەندیی بە بیروڕای سێیەمەوە هەیە نووسەر بە ئاشکرا ڕۆمانەکانی شاخ و شار باس دەکات و شییاندەکاتەوە ، ئەویش بەهۆی ڕەنگدانەوەی بارودۆخە سیاسیەکە و فەراهەمبوونی ئازادی بیروبۆچوون و ڕادەربرین و نەبوونی سانسۆر، هەروەها نووسەر یەکێکە لەوانەی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە زۆرترین بەرهەمی ڕەخنەیی لە بارەی چیرۆك و ڕۆمانی کوردییەوە نووسیووە و هەڵیانیسەنگاندووە، لە ( سیمیناری یەکەمی ڕۆمانی کوردی لە هەولێر لە بەرواری ٢٧ – ٢٨ – ٢٩ ی مایسی ٢٠٠٦ ) بابەتێکی نووسیووە و پێشکەشیکردووە لە بارەی ( ڕۆمانی کوردی لە شاخدا ) .**

**سابیر ڕەشید لەم لێکۆڵینەوەیدا، بەشێوەیەکی بەرچاو تیشکی خستۆتەسەر ڕۆمانەکانی شاخ و لە تەك ڕۆمانەکانی شاردا گرنگی و بایەخییان دەردەخات، پێیوایە ( ڕۆمانی کوردی چ لە شار و چ لە شاخ ، تەواوکەری یەکترین و پێکەوە جەستەی تەواوی ڕۆمانی کوردی پێکدەهێنن ) .[1] واتە بۆ ئەوەی ڕۆمانی کوردی بەجەستەیەکی تەواو ساغ ببینن، پێویستە بەرهەمەکانی شاخ لە تەك بەرهەمەکانی شار دابنێین و بەچاوێکی کوردانە و پڕ بایەخ و گرنگییەوە تەماشاینبکەین و بیاننرخێنین . ئەم بیروبۆچوون و رایەی ئێمەش لەوەدا سەرچاوەی گرتووە، کە ڕۆمانەکانی شاخ هاوشان و هاوئاستی ڕۆمانەکانی شارن چ**

(١) ڕۆمانی کوردی لەشاخدا، سابیر ڕەشید، نووسەری نوێ ، ژمارە ٣٣ ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، تەمووزی ٢٠٠٦ ، ل ٨٤ .

**لەسەر ئاستی ناوەرۆك چ لەسەر ئاستی رواڵەتیان ، بەڵام وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێكرد هەریەكەیان خاوەن تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆیانن و بارودۆخێكی سیاسی ئەڵقەكانی زنجیرەی ئەدەبی كوردی و بەگشتی و ڕۆمانی كوردییان بەتایبەتی تێكشكاندووە .**

**لێرەدا جێی خۆیەتی بە ئاماژەیەكی زۆر كورت بەرهەمەكانی قۆناغی شاخ و شار (( گەشەكردن )) ١٩٨٢ – ١٩٩٠ بخەینە بەردەم :–**

**١– سەگوەڕ ، محەمەد موكری ، ناوزەنگ ، ١٩٨٢ ، نۆبەرەی ڕۆمانی كوردی لە شاخ .**
**٢– هەرەس ، بەرگی یەكەم ، محەمەد موكری ، بەرگەلو ، ١٩٨٥ ، ڕۆمانی شاخ .**
**٣– تۆڵە ، محەمەد موكری ، سەرگەلو ، ١٩٨٥ ، ڕۆمانی شاخ .**
**٤– كوێخا سێوێ ، عەزیزی مەلای ڕەش ، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان ، هەولێر ، ١٩٨٦ .**
**٥– شاری حسێن عارف ، چاپخانەی الادیب البغدادیە ، بەغدا ، ١٩٨٦ .**
**٦– هەرەس ، بەرگی دووەم ، محەمەد موكری ، یەخسەمەر ، ١٩٨٧ ، ڕۆمانی شاخ .**
**٧– توانەوە ، عەبدوڵلا غەفور ساڵح ، چاپخانەی حسام ، بەغدا ، ١٩٨٨ .**
**٨– كانگەی بەلا ، حسام بەرزنجی ، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا ، ١٩٨٨ .**
**٩– كۆردەرە ، خوسرەو جاف ، مطابع دار الجماهیر للصحافة ، بەغدا ، ١٩٨٩ .**
**١٠– هەڵكشان بەرەو لووتكە ، عەبدوڵلا سەراج ، دار الحریة للطباعة ، بەغدا ، ١٩٨٩ .**
**١١– بوهژین ، د. نافع ئاكرێی ، هەولێر ، ١٩٨٩ .**
**١٢– گورگ و بزن ، عەزیزی مەلا رەش ، هەولێر ، ١٩٨٩ ، ( بەزمانی گیانداران بۆ منداڵان ).**
**١٣– پەڕستگەی دڵداری ، ئیسماعیل ڕەسوڵ ، دار الحریة للطباعة ، بەغدا ، ١٩٩٠ .**

**واتە لە قۆناغی شاخ و شار گەشەكردن ١٩٨٢ – ١٩٩٠ ، نزیكەی ( ١٣ ) ڕۆمان بە ڕۆمانەكانی شاخ و شارەوە تۆمارمانكردوون و ناومانهێناون ، دەشێت لێرە و لەوێ چەند ڕۆمانێكی تر دەرچووبن ، بەڵام لێرەدا هەر هێندەمان بەرچاوكەوت و ئاماژەیەكی خێرامان پێدان .**

**سەرەڕای ئەم بەرهەمانەی كە ناومانهێنان ، هەر لەم ماوەیەدا ژانرێكی تر لە ناو ئەدەبی كوردیدا گەشەیكرد ، ئیدی چ لە شاخ یان لە شاردا بێت، ئەویش ژانری ( نۆڤلێت )ە و ، هەر چەندە هەندێك لە ڕەخنەگر و لێكۆڵەران سەرەتای ئەم ژانرە دەگەڕێننەوە بۆ بەرهەمەكەی لە ( خەومای جەمیل سائیب ١٩٢٥ )، بەڵام نووسەری ئەم جۆرە بەرهەمانە كەسیان ئاماژەیان بەم زاراوەیە نەكردووە ، بەڵكو بەچەند شێوەیەكی جیاواز ، زاراوەی ( نۆڤلێت ) یان ناو هێناوە وەك ئەمانەی خوارەوە :–**

**١– زەلیل ، چیرۆكی درێژ ، حسام الدین بەرزنجی ، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا ، ١٩٨٢ .**

٢- پایزە خەون ، داستانی کوردەواری ، محەمەد مەولوود مەم، دار الحرية للطباعة ، بەغدا ، ١٩٨٧ .

٣- نامەیەکی بەپەلە ، کورتە ڕۆمان ، کاروان عەبدوڵڵا، چاپخانەی حزبی شیوعی کوردستان ، ١٩٨٧ (یەکەمین بەرهەمە بە کورتە ڕۆمان ناوی هاتبێت لە شاخ چاپکراوە ) .

٤- ماڵئاوا گوڵی خەم ، کورتە ڕۆمان ، هیمداد حوسین، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا ، ١٩٨٨ . ( ئەمەش یەکەمین بەرهەمە بە (( کورتە ڕۆمان )) ناوی هاتبێت ، بەڵام ئەمە لە شاردا چاپکراوە) .

٥- کۆچی سوور ، کورتە ڕۆمان ، حەمە کەریم عارف ، چاپخانەی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی ، ١٩٨٨ .

٦- کێوی مەزن ، کورتە ڕۆمان ، کاروان عەبدوللا، کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان ، ١٩٨٩.

واتە لەم قۆناغەدا ١٩٨٢ – ١٩٩٠ دا نۆڤلێتیش وەك ژانرێکی هونەری لە ناو ئەدەبی کوردی دا، تاڕادەیەك گەشەیکرد وەك چۆن لە ڕۆماندا ئاماژەمان بەگەشەکردنی ڕۆمانی کوردی دا لە سایەی هەردوو بەرهەمی ڕۆمانی شاخ و شار ئاواش کورتە ڕۆمانی شاخ لە تەك کورتە ڕۆمانی شاردا قۆناغێکی تاڕادەیەك گەشەکردووی کورتە ڕۆمانی کوردییان پێکهێناوە.

بێگومان لێرەدا گەیشتینە متمانەیەکی تەواو، کە مەحاڵە بەرهەمی شاخ لە شار دابڕێنین و بەشێوەیەکی جیاواز تەماشایانبکەین، چونکە کتێبخانەی ئەدەبی کوردی بەبەرهەمەکانی شاخ بەهێز تر و قەشەنگتر و سەنگینتر دەبێت .

هەر لە قۆناغی شاخ و شار گەشەکردن ١٩٨٢ – ١٩٩٠ سەرباری بوونی نزیکەی (١٣) ڕۆمان و ( ٦ ) کورتە ڕۆمان دەتوانین ئاماژە بەو ڕۆمانە بیانیانە بکەین کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی کوردی ئەمانەش :-

١- مرواری ، جۆن شتاینبێك ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ، حاجی ئەحمەد ، بەغدا ، ١٩٨٢.

٢- براکوژی ، نیکۆلاس کازانتزاکیس ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە عەبدولکەریم محەمەد شێخانی ، بەغدا ، ١٩٨٢ .

٣- کاریتە یا ئەودیوی چیا، بەشی یەکەم، یەشار کەمال ، وەرگێڕانی لە تورکییەوە شکور مستەفا ، بەغدا ، ١٩٨٣ .

٤- ئەویٚ دپلۆماسی ، جیمس ئۆلدرج ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ ( کرمانجی ژووروو ) سەلاح عەبدوڵڵا ، بەغدا ، ١٩٨٤ .

٥- خێزانۆچکەیەکی ڕووخۆش، نیکۆلای نۆسۆف، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە عەبدولرەحمان مەعروف ، چاپخانەی الحوادث ، ١٩٨٤ .

٦- دمدم ، عەرەبی شامیلۆف ، وەرگێڕانی لە کوردی سلاڤییەوە شکور مستەفا ، بەغدا ، ١٩٨٤ .

٧- حەمەدۆك ، یەشار کەمال ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە عەبدوڵڵا حەسەن زادە ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

٨- حاجی ئاغا ، سادقی هیدایەت ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە عەبدولقادر دەباغی ، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

٩- برایم زەبۆك ، عەزیز نەسین ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە سەعید یەحیا ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

١٠- زەوی ئاسن و ئاسمان مس ، بەشی دووەمی ( کاریتەیا ئەو دیوی چیا ) ، یەشار کەمال، وەرگێڕانی لە تورکییەوە شکور مستەفا ، بەیارمەتی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری لە چاپدراوە ، بەغدا ، ١٩٨٧ .

١١- کۆتاییەکان ، عەبدولرەحمان مونیف ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە سالح محەمەد ئەمین ، بەغدا ١٩٨٧ .

١٢- وێنەی هونەرمەند لە تاڤ لاویدا ، جیمس جۆیس ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ئازاد حەمە شەریف ، بەغدا ، ١٩٨٨ .

١٣- بێنەوایان ، ڤیکتۆر هۆگۆ ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە محەمەدی شەڵماشی ، بەغدا ، ١٩٨٨ .

١٤- باڵندەکانیش کۆچیان کرد ، یەشار کەمال ، وەرگێڕانی لە تورکییەوە ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، ١٩٨٨ .

١٥- حزبی سەلامەت و حزبی کەرامەت ، عەزیز نەسین ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە هیمداد حوسێن ، ١٩٨٨ .

١٦- دان چەرمو ، جاك لندن ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە عەبدوڵلا حەسەن زادە ، بەغدا ، ١٩٨٩ .

دەشێت ئەم ڕۆمانانە و چەند ڕۆمانێکی تر لە ماوەی ١٩٨٢ – ١٩٩٠ چاپکرابن ، بەڵام ئێمە تەنها ئەوانەمان کەوتۆتە بەرچاو و ئاماژەمان پێکردوون .

بوونی نزیکەی ( ١٦ ) بەرهەم لەم قۆناغەدا ڕوویەکی گەشەکردوو و زێڕینی بەبزاوتی وەرگێڕانی ڕۆمان بەخشیووە و، بێگومان ئەم ڕۆمانانە کاریگەریی خۆیان هەبووە لەسەر نووسەر و ئەدیبانی کورد بۆ ئەوەی ببنە هاندەرێك بۆ نووسینی ڕۆمانی کوردی .

## ٤-قۆناغی تەواو پێگەیشتن و ناساندنی ڕۆمانی کوردی بەجیهان ۱۹۹۱ تا ئێستاکە .

سەرەتای ئەم قۆناغە دەگەرێتەوە بۆ ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ۱۹۹۱، کە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان لە ژێر دەسەلأتی زولم و ستەمی رژێمی حکومەتی بەعس ئازادکران.

ڕاپەڕین گۆڕانێکی تەواوی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری و کەلتووری و ئەدەبی و فەرهەنگی و ... هتد ، بەسەر کۆمەڵگەی کوردی هێنا و کۆمەڵگەی کوردی لە داخراوی بەرەو والأکردن هەنگاوینا .

گۆڕانی باری سیاسی و کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری .... هتد ، ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی بەسەر بارە ئەدەبییەکە داهێنا و ، لە هەموو چەشن و ژانرەکانی ئەدەب وەك شیعر و پەخشان و چیرۆك و ڕۆمان و نۆڤلێت و یاداشت و ... هتد، دەنگی دایەوە . هەر بۆیە لەم قۆناغەدا سامانێکی نەتەوەیی دەوڵەمەند سەرتاسەری ئەدەبیاتی کوردی تەنییەوە و، بووە قۆناغێکی زێرینی ئەدەبی کوردی و ، زۆربەی ژانرەکانی ئەدەب چوونەبارێکی تازەبوونەوە و نوێبوونەوە و چەند چەشنێکی ئەدەبیش لەم قۆناغەدا وەك چیرۆکە شیعرو ڕۆمانە شیعر لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا سەریانهەڵدا .

ئەوەی زیاتر پەیوەندی بەباسەکەی ئێمەوە هەیە تیشکخستنەسەر ڕۆمانی کوردییە زیاتر، نەك ژانرەکانی تر، بۆیە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەم ژانرە پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە دیوە لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە و ، واتە لەم قۆناغەدا ڕۆمانێکی زۆر چاپکران و بلأوکرانەوە و هەروەها لایەنی هونەریش لە لایەن ڕۆماننووسانەوە ڕەچاو کراوە و گرنگی تەواوی پێدراوە، بۆ ئەوەی بونیادی هونەریی ڕۆمانەکان خۆی لە ئاستێیکی بەرزدا ببینێتەوە .

دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی پێشکەوتنی باری ئەدەبیاتی کوردی و ژانری ڕۆمان بەتایبەتی لە قۆناغی ۱۹۹۱ ی دوای ڕاپەڕینەوە بۆ چەند خالێك بگەرێنینەوە ئەویش ئەمانەن :-

١- دامەزراندنی دەسەلأتێکی سیاسیی کوردی و بوونی کیانێك لە کوردستانی عێراقی فیدراڵ ، کە خۆی لە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراقی فیدراڵدا دەبینێتەوە ، ئەمەش ئازادیی ڕادەربڕین و دیموکراسی و فرەحزبی و .. هتد ، لێکەوتەوە ، ئەم دەسەلأتە سیاسییەش لە گشت بوارەکانی ژیان و بەتایبەت لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەری ڕەنگیدایەوە. هەروەها بەهۆی دامەزراندنی ئەم دەسەلأتە سیاسیەی کورد ، چەمکی شاخ و شار ئاوێتەی یەکتر بوون و لە ناو یەکتر توانەوە .

٢- کارەسات و کێشە و تەنگوچەڵەمە و بەسەرهات و نەهامەتی و مەینەتیەکانی گەلی کورد وەك جینۆساید و ئەنفال و بەعەرەبکردن و ڕاگواستن بۆ کۆمەڵگە زۆرە ملێیەکان و باشوور و ناوەڕاستی عێراق و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و دۆڵی خۆشناوەتی و سوتان و وێرانکردنی نزیکەی ٤٥٠٠ گوند و دێهاتی کوردستان لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە لایەك و، زوڵم و ستەم و کودەتای هەرێمی و نێودەولەتی دژ بە گەلی کورد لە لایەکی ترەوە، هەروەها هەڵگیرساندنی شەری براکوژی کە کاولکاری و ماڵوێرانکارییەکی زۆری لێکەوتەوە.

ئەم ڕووداوانە و چەندین ڕووداوی تر، کە پەیوەندییان بەگەلی کوردی ستەمدیدەوە هەیە بوونە بابەت و بابەتگەلی زۆربەی ژانرەکانی ئەدەبی کوردی، چاکترین و باشترین ژانریش بتوانێت ئەم ڕووداو و بابەتە فراوان و مەزنانەی کورد بگرێتە باوەشی خۆی و بەتەواوی گوازرشتیان لێبکات، ئەوە ژانری ڕۆمانی فراوان و مەزن بوو لە ئاست فراوان و مەزنی ڕووداوو بابەتەکاندا بوو . هەروەها باسکردن و شیکردنەوە ئەنجام و دەرهاویشتەی ئەم ڕوودانە لە کات و ساتی خۆیاندا کارێکی ئێجگار مەحاڵ بوو بەتایبەت بە شێوەیەکی ئاشکرا و دیار بەهۆی ئەو سانسۆرە توندەی رژێمی بەعس کە خستبوویە گشت بوارەکانی ژیانی کورد و بەتایبەت بواری ئەدەب . بۆیە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەرگای والاکرد بۆ ئەم ڕووداو و بابەتانە بۆ ئەوەی نووسەران و ئەدیبان بەگشتی و، ڕۆماننووسان بەتایبەتی، بیکەنە بابەتی نووسین و بەرهەمەکانیان و نەمری بەو ڕووداو و بابەتانە ببەخشن و، ببێتە ڕۆشنایی و بەرچاو ڕوونییەك، کە هەم نەوەی دوای ئەوان لە بیریان نەچێت و هەمیش بتوانن پەند لەم ڕووداوانە وەرگرن و داهاتووی خۆیان لەسەر ڕاستی بنیاتبنێن .

٣- زمان وەك کۆڵەگەیەکی سەرەکی ژانرەکانی ئەدەب لەم قۆناغەدا گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و زمانی کوردی تاڕادەیەکی زۆر دوور کەوتەوە لە کاریگەری زمانی عەرەبی، چونکە رژێمی بەعس زمانی عەرەبی لە هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت کردبووە زمانی گشت نەتەوەکانی تر و، بەزۆرە ملێ بەسەرییاندا سەپاندبوون ، ئەم زمانەش کاریگەرییەکی زۆری بەسەر زمانی کوردی بەجێهێشتبوو و، وایکردبوو زمانی کوردی لە لایەن تاکەکانییەوە بەزمانێکی کەمبڕست و لاواز تەماشابکرێت ، ئەویش بەهۆی وەرگێڕانی ئەو وشەو ڕستە و دەربڕین و زاراوانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە بە وەرگێڕانێکی ئیفلیجی پیت بە پیت یان وشە بەوشە بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕدران و زمانێکی نیمچە وشك و لاواز و نارەسەنی کوردی هێنابووە ئاراوە . ئەم جۆرەی زمانی کوردی هەندێك نووسەر و ئەدیبیش پەنایان بۆ دەبردن لەبەرهەمەکان بە ئاشکرا دەنگی دەدایەوە، چونکە خودی ئەو نووسەر و ئەدیبانە ڕۆشنبیرییە کەیان زمانی عەرەبی بوو هەر بۆیەش کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەم زمانەوە .

بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە زمانی ئەدەبیاتی کوردی، بۆتە زمانێکی ڕەوان و ڕوون و پاراو، تاڕادەیەکی زۆر دوور کەوتۆتەوە لە کاریگەری زمانەکانی تر، هەر چەندە زمانەکەمان

به تەواوی خاڵی نییە لە ووشە و زاراوە و ڕستەی بێگانەو، هەروەها ئەو وشە و زاراوانەی کە سەردەمی بەجیهانیبوون هێنایتیە ئاراوە . ئەمەش خەوش و نەنگی نیە بۆ زمانەکەمان، چونکە ئەم دیاردەیە لە زۆربەی زمانەکانی جیهان بەدیدەکرێت و لەسەرد ەمی بەجیهانیبوون هیچ شتێك سنووری بۆ نەماوە . زمانیش وەك کۆڵەگەیەکی بەهێزی ژانری ڕۆمان سنووڕێکی باشی بڕیووە بۆ سەرهەڵدانی زمانێکی نیمچە یەکگرتووی کوردی ، بۆ نموونە بەرهەمێکی ڕۆمانی ئەم قۆناغە ووشە و ڕستە دەربڕینی چەند ناوچەیەکی ئەم کوردستانەی تێکەوتووە و ، ڕۆماننووسانیش ڕۆلێکی دیار دەگێڕن بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە ، بێجگە لە چەند ڕۆماننووسێك، کە زۆرنین و لە ژمارەی پەنجەکانی دەست کەمترن، زمانی ناوچەییان تێدا زاڵە .

٤- ئەگەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی کوردییەوە قەیرانی چاپ و چاپەمەنی و هۆو ئامرازەکانی درێژەی کێشابێت تادەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، ئەوا لە دەیەی نەوەدەکانی هەمان سەدە ئەم قەیرانە تاڕادەیەکی باش چارەسەر کراوە و قۆناغێکی پێشکەوتووی بۆ رەخساوە ، ئەویش بەهۆی دامەزراندنی چەندین دەزگای چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوەی تایبەت، وەك ئاراس ، گەلاوێژ ، وەرگێڕان ، نما ، سەردەم ، هتد ....

لە تەك چاپەمەنی و چاپخانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش ڕوویەکی گەشی مێژوویی بە چاپ و چاپەمەنی کوردی بەخشی، بەهۆی ئەمانەوە چەندین بەرهەم چاپکران وەك دیوانی شاعیرانی نویٚ و کۆن یان لە چاپدانەوەیان و، یان چاپکردنی چەندین چیرۆك و نۆڤلێت و ڕۆمان ، ئەم بارەی چاپەمەنیش بەم شێوەیە بووە هۆی هاندانی نووسەر و ئەدیب و ڕووناکبیران بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیان و هیچی تر تۆزی بێئومێدی بەسەر دەستنووسی بەرهەمەکانیان نەنیشێت ، هەروەها چاپکردنی ئەو بەرهەمانەی کە بە دەستنووسی لە قۆناغەکانی ترەوە ماونەتەوە لە قۆناغی ڕاپەڕیندا ڕۆشنایی بڵاوبوونەوەیان بینیووە .

سەرەڕای ئەمانەش دەزگاکانی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە کاتێك بەرهەمێکی سەرکەوتوویان بە چاپگەیاندووە و بەرهەمەکە دەنگیداوەتەوە ، ئەوا بۆ نووسەری ئەو بەرهەمە کۆڕ و سیمینار و مێزگردیان سازکردووەو، گفتوگۆ و مشتومڕێکی ئەدەبی هێناوەتە ئاراوە .

٥- دەروازەی سنوورەکانی کوردستان کرانەوە بەڕووی وولآتانی دراوسیٚ و جیهان ، ئەمەش وایکرد کە کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و سەرکوتکراو هەنگاو بەرەو کۆمەڵگەیەکی والآ و ئازاد بنێت و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیش توانی خۆی ڕزگار بکات لەو بارە نیمچە چەقبەستووەی کەتێیکەوتبوو. ئەمەش بەهۆی هاتوچۆ و گەشتکردنی نووسەر و ئەدیبان هاتەدی، کە زۆرێك لەم نووسەر و ئەدیبانە توانییان سوود لە ئەزموونی

ولأتی پێشکەوتوو وەرگرن و ئەدەبیاتەکەیانی پێنوێبکەنەوە و ئەدەبیاتی تاراوگە و نامۆش بە شێوە و چەشنێکی تر سەریهەڵدایەوە لە لایەن ئەو نووسەر و ئەدیبانەی، کە ولأتانی تری جیهانیان بەنیشتمانی دووەم ئەژمار کرد ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی ترەوە ئەم نووسەر و ئەدیبانە توانییان ئەدەبیاتی کوردی بە دنیا بناسێنن لە ڕێی کۆڕوسیمینار و دامەزراندنی چەند سەنتەرێکی ئەدەبی و ڕووناکبیری و ، بلأوکردنەوەی چەندین کتێب و بەرهەم و گۆڤار و بلأوکراوە . لە بواری ئەدەبیاتی کوردیدا بەگشتی و لە نووسین و بلأوکردنەوەی چەند بەرهەمێکی سەرکەوتووی ڕۆمانی کوردی بەتایبەتی، لەم بارەیەوە دەتوانین ولأتی سویدیش بە نموونەیەکی سەرکەوتوو و زیندووی قسە و باسەکانمان دابنێین و، پێشەنگی ئەو ولأتانەیە، کە زۆرترین چالأکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریی کوردی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتیش ئینستوتی کورد لە سوید گەواهی قسەکانمانە .

٦- بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و، چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕۆڤار و بلأوکراوە لەم قۆناغەدا پەخش و بلأوکرا ونەتەوەو، گوزارشتییان لە دەنگ و ڕەنگی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە . لەسەرەتای ئەم بزاڤەدا هەر گرنگی بەبواری سیاسەت دەدرا ، بەلأم دواتر لە پاڵ بلأوکردنەوەی بابەتە سیاسییەکاندا هەر ڕۆژنامەیەك یان هەر گۆڤارێك چەند لاپەڕەیەکی بۆ ئەدەب و ڕووناکبیریی و هونەر تەرخانکرد ، ئەم بزاڤی ڕۆژنامەگەرییە هەربەوە نەوەستا کە چەند لاپەڕەیەك بۆ بوارێکی گرنگ و هەستیاری وەك ئەدەب تەرخانبکات، بەڵکو لە بارێکی پێشکەوتووی ئەم قۆناغەدا ڕۆژنامەگەری کوردی پلە بە پلە بەرەو پێشکەوتن هەنگاوی دەنا، ئەمەش وایکرد هەر ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك تایبەتمەند بێت بە بوارێك لە بوارەکانی ژیان ، ئەدەبیش وەك بوارێکی زیندوو چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و بلأوکراوەی تایبەتمەندی لە بواری ئەدەب لە ئامێزگرت. زۆربەی زۆری ئەم ڕۆژنامە و گۆڤار و بلأوکراوانەش لە لایەن خودی نووسەر و ئەدیبانی کوردە وە سەرپەرشتیاری دەکران و بەڕێوەدەبران و هەر خودی خۆشیان نووسین و بابەت و ڕەخنە و دەقیان بلأودەکردەوە، دواتر لە نامیلکەیەك یان لە کتێبێکدا چاپیاندەکردن .

لەم قۆناغەدا بزاڤی ڕۆژنامەگەری خزمەتێکی زۆری بە ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی بە گشتی و بە ژانری نۆڤلێت و ڕۆمان بە تایبەتی کرد، چونکە ئەم پێشکەوتنە بەرچاوەی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی هاوکاتبوو لەگەڵ پێشکەوتن و ناساندنی نۆڤلێت و ڕۆمانی کوردی ، چونکە ئەگەر قۆناغەکانی تری ڕۆژنامەگەریی خزمەتێکی زۆریان بە شیعر و چیرۆك و کورتە چیرۆك و پەخشان ... هتد گەیاند بێت، ئەوا لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین ١٩٩١ ڕۆژنامەگەریی کوردی لە تەك خزمەتکردن بەو ژانرانەی کە ناومانهێنان ، خزمەتێکی چاکیان بە نۆڤلێت و ڕۆمانی کوردی کردووە، بەتایبەتیش گۆڤارەکان، کە شێوە و قەبارە و ژمارەی لاپەڕەیان

تەواو لە باربوو بۆ بڵاو کردنەوەی نۆڤلێت و ڕۆمانی کوردی، بۆیە دەبینین لەم قۆناغەدا چەندین نۆڤلێت و ڕۆمان لە گۆڤارەکاندا بە زنجیرە، ئەڵقەو بەش بڵاو دەکرانەوە، و دواتر چاپدەکران، بڵاوکردنەوەی نۆڤلێت و ڕۆمانەکان بەو شێوەیەی کەباسمانکردن بووە زەمینەیەکی خۆش و لەبار بۆ گەشەکردنی ڕەخنەی نۆڤلێت و ڕۆمان ، هەر چەندە پێشتر ڕەخنەی ڕۆمان لە ئارادابوو، بەڵام بەهۆی سنووردارییی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێش ڕاپەڕین بەمشێوە پێشکەوتووەی قۆناغی دوای ڕاپەڕین نەبوو. بێجگە لەمە ڕەخنەکانی پێش ڕاپەڕین، زیاتر خۆیان لە ڕەخنەی خودی و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا دەنواند، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ڕەخنەی ڕۆمان ئاراستەیەکی تری وەرگرت، ئەویش سنوودار بوونی یان کەمبوونی ڕەخنە خودییەکان و ڕەخنەگرتن لە دەقی ڕۆمان هەر پەیوەندیی بە ناوەڕۆك نەبوو بەڵکو ڕواڵەت یان تەکنیکی ڕۆمانەکەش دەگرێتەوە.

٧- پەنا بردن بۆ ئەفسانە و بابەتەکانی فۆلکلۆر ، لە لایەن نووسەر و ئەدیبانی کورد لە دوای ڕاپەڕینەوە ئێجگار زیادیکردووە ، هەرچەندە ئەم دیاردەیە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە ئەدەبی کوردیدا و ، لەم قۆناغەدا سەریهەڵنەداوە و تازە بابەت نییە ، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو لە دوای ڕاپەڕینەوە تەشەنەیسەندووە و زۆربەی نووسەری ژانرەکان پەنای بۆ دەبەن و ، ئەفسانە و بابەتەکانی فۆلکلۆرییان کردۆتە کەرەستەیەکی خاوی بەرهەمەکانیان، بەتایبەتیش ڕۆماننووسان عەزیزی مەلای ڕەش، کاکە مەم بۆتانی، محەمەد موکری... هتد بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕوویان لەم چەشنە بابەتانە کردووە.

ژانری ڕۆمانیش وەك ژانرێکی فراوان و مەزن متمانەیەکی زۆر دەکاتە سەر ئەفسانە و بابەتەکانی فۆلکلۆر و لە هەموو ژانرەکانی تر، زیاتر گرنگی و بایەخیان پێدەدات و، بە بەرگێکی نوێی جوانی هونەرییەوە سەر لە نوێ پێشکەشیاندەکاتەوە .

ئەو ڕۆماننووسانەی کە ئەفسانە و بابەتەکانی فۆلکلۆر لە ڕۆماندا دەمەزرێنن، هەریەکەیان بەجیهانبینی خۆی تەماشایاندەکات، بۆیە ڕۆماننووسی وا هەیە ئەفسانە و فۆلکلۆری جیهانی یان بیانی دەمەزرێنێت ، هەیانە گرنگی بەهی خۆماڵی دەدات، یان جیهانی و خۆماڵییەکە ئاوێتەی یەکتر دەکات ، هەروەها هەندێکیان ئەفسانە یان بابەت و دیاردەی نوێ لە فۆلکۆرەوە دەئافرێنن .

ئەگەر باب و باپیرانمان تادوێنێ ئەفسانە و بابەتەکانی فۆلکلۆریان دەماودەم بۆ ئێمە گێڕابێتەوە ، ئەوا ئەمڕۆ لە ژانرەکان بەگشتی و لە ڕۆمان بەتایبەتی دەیانخوێنینەوە، هەم چێژ بەخوێنەر دەبەخشن و ، هەمیش شارەزای بیروبۆچوون و تێگەیشتن و لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی باب و باپیرانمان دەبین، بۆ ئەوەی بزانین لە مەڕ کێشەو دیاردەکانی دەوروبەر ڕوانینیان چۆن بووە و، لێیتێگەیشتوون یان لێیتێنەگەیشتوون، چارەسەریان چی

بووه و، ئایا گیریان خواردووه بەدەست بابەت و دیاردەکانی دەوروبەرەوە، یان توانیوویانە ئازایانە خۆیانی لێڕزگار بکەن، هەروەها سودێکی هەرەسەرەکی مەزراندنی ئەفسانە و بابەتی فۆلکۆری بریتیە لە زیندوو کردنەوەی ئەو دەقانە، بۆئەوەی لە فەوتان ڕزگاریان بێت .

٨- گەشەسەندنی بزاوتی وەرگێڕان ، کە بووە هۆی وەرگێڕانی سەدان کتێب لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین لە هەموو بوارەکان بەگشتی و لە بواری ئەدەب بەتایبەتی، چونکە لەم قۆناغەدا شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانی کورد لە تەك وەرگێڕەکان بوونە سەر قافڵەی کاروانی بزاوتی وەرگێڕان و هەم کاری وەرگێڕانیان دەکرد هەمیش بەرهەمیان بلاّو دەکرەوە.

زۆرترین بابەتی وەرگێردراوی ئەم قۆناغە بەرهەمی بیری وچیرۆك و ڕۆمان و فەلسەفە بوون، بۆیە زۆربەی زۆری شاکارەکانی جیهان لە ژانری ڕۆمان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و، بوونە هۆی زیاتر ناساندنی ڕۆمان و ڕۆماننووسانی جیهان بە خوێنەرانی کورد و ئارەزوو بزواندنیان بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی کوردی. هەندێك لە ڕەخنەگران ئەم بزاوتەی وەرگێڕان بە بزاوتێکی لاواز و نەنگ و خەوشدار لە قەڵەم دەدەن . بیانووشیان ئەوەیە، کە وەرگێڕانی بەرهەمەکان ڕاستەوخۆ لە زمانە ڕەسەنەکە وەرناگێڕدرێن ، بەڵکو لە زمانی دووەم و سێیەم وەردەگێردرێن .

بۆیە تا بەرهەمەکان وەردەگێردرێنە سەر زمانی کوردی، تاڕاددەیەك ڕەسەنی و تام و چێژ و بونیادی هونەرییان لە دەستدەدەن ، هەروەها هەندێك لەبەرهەمەکان، کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی کوردی، زمانی بەرهەمەکە زمانێکی بەگرێوگۆڵ و زبرو وشکی هێناوەتە ئاراوە .

ڕاستە خاڵێکی وا لاوازی لەم چەشنە لە بزاوتی وەرگێڕانی کوردیدا بەدیدەکرێت، بەلاّم لەگەڵا ئەمەشدا ئەم بزاوتە بۆتە خاڵێکی هەرە پۆزەتیڤی ئەدەبی کوردی. چەندین بەرهەم لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون و خوێنەر زۆر بە کەمی هەست بە تارمایی وەرگێڕانی بەرهەمەکە دەکات، ئەمە سەبارەت بە وەرگێڕان لە زمانی یەکەم و دووەم .. هتد. سەبارەت بە زمانی بەرهەمەکان، بەرهەمی وەرگێڕدراوی ئاواش هەیە، کە بە زمانێکی ڕەوان و ڕوون و پاراوی ڕەسەنی کوردی وەرگێڕدراوە و گیانێکی زیندووی زمانی کوردی بەبەرهەمەکە کراوە. خوێنەریش هەست بەوە ناکات ئەم بەرهەمە لە پێشتر بە زمانێکی تر نووسراوە .

بۆیە خاڵە پۆزەتیڤەکانی بزاوتی وەرگێڕانی کوردی گەلێك زیاترن لە چەند خاڵێکی کەمی نێگەتیڤ، کە ڕەخنەگران بتوانن بزاوتی وەرگێڕانی کوردی پێهەڵسەنگێنن و لەکەداری بکەن، بێگومان هەر بزاوتێکیش لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیٚ کەموکوڕی نابێت. گرنگ ئەوەیە خاڵە بەهێزەکان لە خاڵە لاوازەکان زیاتر بن .

٩- سازکردنی ڤیستیڤاڵ و کۆڕو سیمینار و کۆنفرانس و ئاهەنگ و وەرزی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پێشبرکێی ئەدەبی بۆ نووسەر و ئەدیبانی کورد، بەمەبەستی ڕیزلێنان و

خەڵاتکردنیان ، بێگومان ئەمبارەش دەبێتە هاندەر و پاڵنەرێکی باش بۆ نووسینی باشترین و چاکترین بەرهەم لە لایەن نووسەر و ئەدیبانەوە، سازکردنی ئەمانەش هەم لە لایەن دەزگاکانی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە و هەمیش لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت .

ئەمەش نووسەر و ئەدیبانی کورد خۆشحاڵ و ئاسودەتر دەکات ، چونکە تەواو هەست بەوە دەکەن، کە ئەو رەنج و ماندوو بوونەیان کێشاوە ئەوا هەرگیز بەفیرۆنەچووە و تۆوە چاندراوەکانی دوێنییە، ئەمڕۆ بەسەرفرازییەوە دەیدورنەوە .

هەر چەندە ئەم جۆرە گردبوونەوە و کۆبونەوانە، دیاردەیەکی نوێ نییە و لە قۆناغی پێش ڕاپەڕینیش سازکراوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە شێوەیەکی بەرفراوان وسەر تاپاگیری وەرگرتووە و نووسەر و ئەدیبانی کورد لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان بەشداریان تێدا کردووە .

١٠- دامەزراندنی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لە دوای ڕاپەڕینەوە ، کە خزمەتێکی بەبواری کەلتوور و ڕۆشنبیری و فۆلکلۆر و کەلەپوور و هونەر و ئەدەب و فەرهەنگ و زمانی ... هتد کورد کردووە ، ئەویش بەبڵاوکردنەوەی چەندین کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوە، بەمەبەستی خزمەتکردنی ئەو بوارانەی کە ناومانهێنان .

ئەم وەزارەتەش سودێکی زۆری بە نووسەر و ئەدیبانی کورد گەیاند، لە ڕێی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان و پاڵپشتی مەعنەوی و ماددیان، بۆ خزمەتکردنی گشت بوارەکانی ڕووناکبیری و مەعریفی میللەتی کورد.

١١- زۆربەی ڕۆماننووسانی کورد لە ئەمڕۆماندا ، چیرۆکنووسانی دوێنێ و شاعیرانی پێرێمان بوون، وە نەبێت ئەم قسەیەشمان کەمکردنەوە بێت لە پلە و پایە و ئاستیان یاخود بە بێنرخ زانینیان بێت، بەڵکو بەرهەمەکانی ڕۆمانی دوای ڕاپەڕین گەواهی ئەوە دەدەن گەر ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوەیەی شیعر و چیرۆکنووسی نەبوایە، مەحاڵ بوو بتوانن ڕۆمانێك بنووسن، کە لە ئاستێکی بەرزی هونەری خۆی ببینێتەوە. بۆیە ئەم ئەزموون و تاقیکردنەوەیان بە ئاشکرا لە بەرهەمەکانیان ڕەنگیداوەتەوە، وەك شیعرییەت، دیمەن ، دووبارەکردنەوە، شێوازی کاریگەر و سەرەنجراکێش، وێنە، وردەکاری تەکنیك و ڕەگەزەکانی چیرۆك و شیعر ... هتد.

ئەمبارەش زۆربەی گەورە ڕۆماننووسانی جیهان، کە شاکارییان نووسیووە بەم قۆناغە گوزەریانکردووە، بۆیە دیاردەیەکی ئاساییە و ئەزموون و تاقیکردنەوەیان لە ژانرەکانی تر وا دەکات، ڕۆمانووسێکی ئەزموونکار و لێهاتوویان لێدەربچێت، بەبەرهەمەکانیان مایەی سەرسوڕمان و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بەدەستبهێنن .

واتە ئەگەر شاعیران و چیرۆکنووسانی کورد لە چەند قۆناغێکی نزیکی پێشووتر ئەرك و ئامانجەکانیان بەتەواوی جێبەجێ نەکردبێت، ئەوا بێگومان لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین ئەرك و ئامانجەکانیان بە تەواوی جێبەجێکردووە و بوونەتە مایەی متمانەی میللەتەکەیان بۆ ئەوەی ئەدەبەکەیان بەرەو لووتکە هەنگاو بنێت .

١٢- سەرهەڵدانی میدیای کوردی بەبینراو و بیستراوەوە ، کەناڵی ناوخۆیی یان ئاسمانی، میدیای کوردیش لە دوای ڕاپەڕینەوە گرنگییەکی زۆری پێدرا، ئەگەر تا دوێنێ دوو تا سێ ئێستگەی رادیۆ و کەنالێکی تەلەفزیۆن هەبوبێت، ئەوا لە دوای ڕاپەڕینەوە چەندین ئێستگەی رادیۆ و چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی بەناوخۆیی و ئاسمانیشەوە دامەزران. میدیای کوردی توانی تاڕادەیەکی باش ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی تاکی کوردی بەرز بکاتەوە ، سودێکی زۆریشی بە بوارەکانی ژیان گەیاند و خزمەتی زمان و فەرهەنگ و کەلتوور و ڕۆشنبیری و فۆلکۆری ... هتد کردووە. لە تەك ئەمانەشدا چەندین بەرنامە و گفتوگۆ و مێزگرد بۆ نووسەر و ئەدیبان سازکراوە ، هەروەها لە دوو توێی ئەم بەرنامانەدا چەندین دەقی ڕۆمان ئەڵقە بە ئەڵقە لە رادیۆکان دەخوێنرێنەوە و ، گوێگرێکی زۆر گوێیان بۆ ئەم ڕۆمانانە شلکردوەو، لە گوێگرییەوە بوونەتە خوێنەرێکی ئاسایی ئەو ڕۆمانانە ، بەمەش ڕۆمان ڕۆژ بە ڕۆژ خوێنەری زیاتر دەبێت.

سەرەڕای ئەمانەش ، لەم دواییانەدا چەندین بابەتی ئەدەبی بەڕەخنە و لێکۆڵینەوە و دەقەکان لە سایتەکانی ئەنتەرنێت بلاْوکرانەوە ، ڕۆمان و ڕۆماننووسەکانیش لەم سایتانە پشکێکی زۆریان بەرکەوت .

١٣- خاڵیکی هەرە دڵخۆشکەری ئەم قۆناغە، گرنگیدانە بە ژانری ڕۆمان، لەناوەندی زانکۆکانی هەرێم و کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشدی بەغدا، ئەویش بە هۆی ئەنجامدانی چەندین باس و لێکۆڵینەوە و نامە و تێزی ماستەرو دکتۆرا، لەبارەی ڕەخنەی ڕۆمانەوە، کە خۆی لە نزیکەی بیست نامەی ئەکادیمیدا دەنوێنێت، ئەمەش هێندەیتر قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ڕۆشنکرد و ڕەخنە ی ڕۆمانی گەیاندەلووتکە.

ڕەنگە ئەم خالاْنەی باسمانکردن و لەگەڵ چەندین خاڵی دیکە ڕووی پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی بەگشتی و ڕۆمانی کوردی بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕین نیشانبدەن .

واتە بەشێوەیەکی گشتی ڕاپەڕین بووە ئاوێنەیەکی پرشنگدار ، کە ئەدەبی کوردی تێدا درەوشایەوە .

جێی ئاماژە پێکردنە ئەم باسەی ئێمە، پەیوەندی بە ڕۆمانەکانی دوای ڕاپەڕینەوە هەیە ، بەلاْم سەرتاسەری ڕۆمانەکانی دوای ڕاپەڕین ناگرێتەوە، بەڵکو دەمانەوێت تیشك بخەینەسەر هەندێك لەو ڕۆمانانەی کە لەساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٠ چاپکراون.

واته بەشێکی ئەم قۆناغە دەبێتە تەوەری واتە بەشێکی سەرەکی باسەکەمان و ، بۆیە لە ڕەگەز و تەکنیك و ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانە دەدوێین و دەیانخەینە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە ، بۆ ئەوەی بزانین ئایا ڕۆمانی ئەم بەشەی قۆناغی دوای ڕاپەڕین توانیویانە لە قۆناغەکانی تری ڕۆمانی کوردی تێپەڕبن، یان هەر شێوەیەکی چەقبەستوویان گرتووە و لەهەمبەر پێشکەوتن و گەشەسەندنی ڕۆمانەکانی جیهان دوورە پەرێز وەستان .

هەرچەندە ئەو ماوەیەی کە ئێمە دیارمانکردووە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٠ دەگرێتەوە ، بەڵام لەو ماوەیەدا بەرهەمێکی زۆر چاپکراون و خۆی لە نزیکەی ( ٣٥ تا ٤٠ ) ڕۆماندا دەدات، ئەمەش لە توانای ئێمە بەدەرە بتوانین تیشکی لێکۆڵینەوەکەمان بخەینەرسەر گشت ڕۆمانەکان ، بۆیە ناچارین چەند ڕۆمانێك لەم ژمارە زۆرەی سەرەوە بەسەر بکەینەوە و بیانکەینە کەرەستەی باسەکەمان. لێرەدا بە پێویستی دەزانین ناوی ئەو ڕۆمانانە بهێنین ، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ تا ٢٠٠٠ دا چاپکراون و بڵاوکراونەتەوە .

## ڕۆمانەکانی ساڵی ١٩٩١ :-

١- غەوارە ، عەزیزی مەلا ڕەش ، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا .
٢- هیچ ، خوسرەو جاف ، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا .
٣- بۆرە ، عەزیزی مەلا ڕەش ، ڕۆمان بۆ مێرد منداڵان ، چاپخانەی الزمان ، بەغدا .

## ساڵی ١٩٩٢ :-

ئەوەی تا ئێستا ئێمە بیزانین، لەم ساڵەدا هیچ بەرهەمێکی ڕۆمان بەرچاومان نەکەوتووە و، چ وەك دەقێکی سەربەخۆ لە کتێبێکدا بڵاوبووبێتەوە، چ لە گۆڤارێك بڵاوکرابێتەوە. هەروەها لە بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەکاریشدا هەرگیز ئاماژە بە بەرهەمی ئەم ساڵەدا نەکراوە، بەڵام هەندێك لە لێکۆڵەران ئاماژە بۆ بەرهەمەکەی (چاوەڕوانی، ئارام کاکەی فەلاح) دەکەن، کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە سوید چاپکراوە. هەندێکیتریان بە نۆڤلێت یان چیرۆك ناویدەبەن. واتە ساڵی ١٩٩٢، ساڵێکی نەهاتە لە مێژووی ڕۆمانی کوردی، ئەمەش بەهۆی نەبوونی هیچ بەرهەمێکەوە.

## ڕۆمانەکانی ١٩٩٣ :-

١- پاشایان کوشت ، خوسرەو جاف ، چاپخانەی دار الرسالة ، بەغدا .
٢- لێقەومان، عەزیزی مەلای ڕەش، بە زنجیرە لە گۆڤاری کاروان، لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکراوەتەوە.

٣- ڕەونامە ، عەبدوڵڵا سەراج ، بە زنجیرە لە گۆڤاری کاروان لە ساڵی ١٩٩٣ بلأوکراوەتەوە.

## ڕۆمانەکانی ١٩٩٤ :-

١- راز ، خوسرەو جاف ، دار الحرية ، بەغدا .

٢- ڕێگا، محەمەد مەولود مەم ، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٩٧١ دا لە پێشبرکێی یەکێتی نووسەرانی کورد خەڵاتی دووەمی بەدەستهێناوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٤ لە سوید چاپکراوە و دواتر لە ساڵی ٢٠٠١ دا لە لایەن دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس بۆ دووەمین جار چاپکرایەوە .

٣- ڕاوەپڵنگ ، مەولود ئیبراهیم حەسەن ، بە زنجیرە لە گۆڤاری کاروان ساڵی ١٩٩٤ بلأوکراوەتەوە .

## ڕۆمانەکانی ساڵی ١٩٩٥ :-

١- گەمال ، خوسرەو جاف ، دار الحرية ، بەغدا .

٢- دیوەخان ، محەمەد ڕەشید فەتتاح ، چاپەمەنی ئەزمەڕ ، سلێمانی .

٣- کیاکسار ، عەبدوڵڵا سەڕاج ، لە بلأوکراوەکانی ڕۆژنامەی ( ئاڵای ئازادی ) ، هەولێر .

## ڕۆمانەکانی ساڵی ١٩٩٦ :-

١- وڵاتی تارمایی ، سەلأح عومەر ، لە بلأوکراوەکانی ڕۆژنامەی ( ئاڵای ئازادی ) ، هەولێر .

٢- ئاوێنە سەرابیەکان ، هیوا قادر ، دەزگای کتێبی ئەرزان ، سلێمانی .

## ڕۆمانەکانی ساڵی ١٩٩٧ :-

١- درز ، کاکەمەم بۆتانی ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر .

٢- ئەنفال ، محەمەد ڕەشید فەتتاح ، چاپەمەنی زاموا ، سلێمانی .

٣- کاولأش ، عەبدوڵڵا سەراج ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر .

٤- تاڕێکستانی لم ، سەلأح عومەر ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر .

٥- مەرگی تاقانەی دووەم ، بەختیار عەلی ، نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ، سوید .

٦- مۆسیقای مەرگی ناوەختە، سەلأح جەلال، بێناو و شوێنی چاپ، لە سەر ئەرکی نووسەرەکەی چاپکراوە .

٧- زیندانی گەڤەر ، سەلام عەبدوڵڵا ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر .

٨- سەعید زەبۆکی لای خۆمان ، کەمال سەعدی ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر.

## ڕۆمانەکانی ساڵی ١٩٩٨ :-

١- خاك و چەوسانەوە ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر .
٢- ئەژدیها ، محەمەد موکری ، چاپەمەنی زاموا ، سلێمانی .
٣- ئێوارەی پەڕوانە، بەختیار عەلی ، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ، سوید .
٤- زمناکۆ ، سەلام مەنمی ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی .
٥- خۆری تار ، ڕەوف حەسەن ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر .

## ڕۆمانەکانی ساڵی ١٩٩٩ :-

١- چناری شیر، جەبار جەمال غەریب، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ، سلێمانی .
٢- کۆچی سوور، حەمە کەریم عارف، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی .
٣- هێڵانە، حوسێن عارف، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی .
٤- خاك و کێشەی مان، بەرگی دووەمی خاك و چەوسانەوە، عەزیز مەلای ڕەش، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٥- ئاگری بن کا ، سەعید ناکام ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٩٧١ دا لە پێشبرکێی یەکێکی نووسەرانی کورد خەلاْتی یەکەمی بەدەستهێناوە، بەلاْم لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ یەکەمین جار چاپکراوە .
٦- تاوانبار ، عەبدولرەحمان شیوەن ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .
٧- کوڕ ژنی خوێن ، غەفور ساڵح عەبدوڵلا ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی .

## ڕۆمانەکانی ساڵی ٢٠٠٠ :-

- شێخی داماووس ، جەبار جەمال غەریب ، لە بلاْوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا ، هەولێر .
ئەوەی ئێمە بیزانین لەم ساڵەدا، تەنها ئەم ڕۆمانە بەرچاومانکەوتووەو هیچ ڕۆمانێکی تر نەکەوتۆتە ژێر دەستمان ، بەلاْم دەشێت لەم ساڵەدا چەند ڕۆمانێکی بوونیان هەبێت، ئینجا چ لە ناوەوەی ، یان دەرەوەی کوردستان بێت.

سەرەڕای بوونی ڕۆمانێکی زۆر لەم بەشە قۆناغەی دوای ڕاپەڕین لە ساڵێنی ١٩٩١ تا ٢٠٠٠ دا ، نۆڤلێتیش وەك ژانرێکی لە یەکچووی ڕۆمان ، بلاْوبوونەوە و گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، واتە نۆڤلێت و ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە بوونە خالێکی وەرچەرخانی ئەدەبی کوردی ، هەروەها زۆربەی ڕۆماننووسانی کورد توانیویانە چ لە ڕۆمان و چ لە نۆڤلێت ئەسپی خۆیان تاو بدەن و کتێبخانەی هەژاری کوردی بەدەقی نۆڤلێت و

ڕۆمانەکانیان دەوڵەمەند بکەن. بۆیە لەسالأنی ١٩٩١-٢٠٠٠دا نزیکەی ( ٢٠ - ٣٠) دەقی نۆڤلێت چاپکراون و بلأوکراونەتەوە، بەلأم بەهۆی جیاواز قەبارەی نۆڤلێت و ڕۆمان، ژمارەیەکی زۆر لە نۆڤلێتەکانی ئەم قۆناغە لە گۆڤارەکان بلأوبوونەتەوە ئەو نۆڤلێتانەش ئەمانەن :-

(- وێنە یەکتر بڕەکان ، حیسام بەرزنجی ، کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان ، ١٩٩٢ .
- تارێکی خۆر ، حەمە عەلی و هاشم سەڕاج ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ٤ ، ١٩٩٣ .
- پیری کێوان ، مەولود ئیبراهیم حەسەن ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ١٠ ، ١٩٩٤ .
- فیلەکەی نادرشا ، ، موحسین ئەحمەد عومەر ، پاریس ، ١٩٩٥ .
- حەسارو سەگەکانی باوکم ، شێرزاد حەسەن ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ١٩٩٦ .
- سۆناتای ڕۆح ، عەبدوڵڵا سەراج ، هەولێر ، ١٩٩٧ .
- ژنانی ئاو ، جەبار جەمال غەریب ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ١٨ ، ١٩٩٧ .
- بەیداخ ، حەمە کەریم عارف ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ١٣ ، ١٩٩٧ .
- کۆلووی پەنگ ، محەمەد ساڵح سەعید ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ١٤ ، ١٩٩٧ .
- یاقووتی ئەڵوەن ، جەبار جەمال غەریب ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٢٥ ، ١٩٩٨ .
- گەمەی وردەماسی ، سەلأح عومەر ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٢١ ، ١٩٩٨ .
- کرمانج ، عەزیزی مەلای ڕەش ، لە بلأوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا ، ١٩٩٨ .
- مزگێنی ، محەمەد ڕەمەزانی ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٢٦ ، ١٩٩٨ .
- کەمتیار، کەریم دەشتی ، چاپخانەی داناز ، سلێمانی ، ١٩٩٩ .
- مەرگی بازنەیی، سابیر رەشید ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٩ .
- قیامەت ، کەریم دەشتی ، گۆڤاری نووسەری نوێ ، ژمارە ٨ ، ١٩٩٩.
- عەلە بەستێ، حەسەن جاف، سلێمانی، ١٩٩٩.
- بورجی چاودێری گەردوونی ئارارات پاش ساڵی ( ٢٠٠٠ ) ، محەمەدەمین ئەحمەد ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٤٠ ، ١٩٩٩ .
- گوڵستان و شەۋ ، حەسەن سلێڤانی ، چاپخانەی هاوار ، دهۆك ، ٢٠٠٠ .
- رموزنات ، ڕۆشنا ئەحمەد ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٥٥ ، ٢٠٠٠ .
- ونگە ، عەبدوڵڵا سەراج ، چاپخانەی هاڤیبوون ، ئەلمانیا ، ٢٠٠٠.)(١)

(١) ڕۆمانی کوردی ، بەشی یەکەم ، سابیر ڕەشید، ل١٧.

دەشێت لە بەرهەمەکانی ڕۆمان یان نۆڤلێت ، ناوی چەند بەرهەمێك لە بیرمان چووبێت ، یان ڕاستتر بڵێین بەرچاومان نەکەوتون و نەماندۆزیونەتەوە ، بەڵام ئەوەندەی توانیومانە و بەرچاومان کەوتووە لە دوو توێی ئەم باسەدا خستوومانەتە بەرچاوان ، بۆ ئەوەی زیاتر باسەکەمانی پێڕۆشنتر بکەین، چونکە ڕاستە لەم قۆناغەدا وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە چەمکی شاخ و شار ئاوێتەی یەکتر بوون و بوونە باڵی پەپولەیەکی جوانکیلەی ڕەنگاو ڕەنگ ، بەڵام لەم قۆناغەدا چەمکێکی تر هاتە ئاراوە ئەویش چەمکی (ئاراوگە)یە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو نووسەر و ئەدیب و ڕووناکبیرانەی کوردەوە هەیە ، کە ژیان لە دەرەوەی کوردستان بەسەر دەبەن، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپا و، هەر لەو وڵاتانەش بیرو بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە بە تیراژێکی کەم و سنووردار بەهۆی گرانیی خەرجی چاپەمەنی. زۆرجاریش ئەم بەرهەمانە خاکی کوردستان بەچاوی خۆیان نابینن، بۆیە لێرەدا دەکرێت بڵێین لەوانەیە چەند بەرهەمێك لە نۆڤلێت و ڕۆمانەکانی دوای ڕاپەڕین بە ئاسانی و خێرایی نەگەنە دەست خوێنەر و ڕەخنەگر و لێکۆڵەران ، لەمبارەشدا لە خانەی نەبووندا نزیکدەکەونەوە .

ئەوەی پەیوەندیی بە بزاوتی وەرگێڕانەوە هەیە لەم قۆناغەدا، ١٩٩١ تا ئێستاکە ، ئەوا لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد و باسمان لێوەکرد. بەیەکێك لەو خاڵانەمان ئەژمارد کرد ، کە بوونە هۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی و ڕۆمانی کوردی بەتایبەتی، چونکە لەم قۆناغە دا زۆربەی ڕۆمانەکانی جیهانی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدران و لە (دۆنکیخۆتەی سێرڤانتس تا ڕۆمانەکانی ساڵانی سەرووی دوو هەزار)، بەڵام ئەو مەبەستەی ئێمە کە لێرەدا گرنگە بیلێین لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینەوە چەندین ڕۆمانی کوردی بۆ سەر زمانانی تری جیهان وەرگێڕدراون، وەك ڕۆمانەکانی شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی بێگومان ئەمەش بەخاڵێکی جیاکەرەوەی گرنگ دادەنرێت لە چاو قۆناغەکانی تر و لە هەمانکاتیشدا بەخاڵێکی تەواو پێگەیشتن دادەنرێت بۆ ناساندنی دەقی ڕۆمانی خۆماڵیمان بەجیهان، بۆ ئەوەی ڕۆمانی کوردیش لە تەك ڕۆمانەکانی تری جیهان خاوەنی ناسنامەی تایبەتی خۆی بێت. ئەوەی ماوەتەوە بلێین لەم قۆناغەدا ، ڕۆمانی کوردی چ لە ڕووی چۆنێتی و چ لە ڕووی چەندێتی، هەنگاوی گرنگ و خێرا دەنێت بۆ ئەوەی لە کاروانی ڕۆمانی میللەتانی جیهان دانەبڕێت و ئیتر چیدی دوانەکەوێت .

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil